https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.270

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ڕۆڵی سیاسیی کورد لە سوودان (عوسمان دقنە) وەك نموونە

**م.ی. جوهر جلال وسو**
بەشی مێژوو- کۆلێجی زنستە مرۆڤاتییەکان- زانکۆی سلێمانی
jawhar.jalal8571@gmail.com

**پ.ی.د. کامەران موحەمەد قادر**
بەشی فەلسەفە- کۆلێجی زنستە مرۆڤاتییەکان- زانکۆی سلێمانی
kamaran.qadir@univsul.edu.iq

## پوختە.

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی بەشداریی سیاسیی کوردە لە سوودان، گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا کورد ڕۆڵی لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی سوودان دا هەبووە؟ هەروەها تیشکخستنە سەر ئەو نادیارانەی کە پەیوەستە بە مێژوو و ڕۆڵ و کاریگەریی کورد لە سوودان کە بۆ چەند قۆناغێکی مێژوویی جیاواز ئەگەڕێتەوە، هەر لە سەرەتاکانییەوە لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیی و دەرکردنی نوبییەکان لە میسر ئاراستەی وەرگرتووە. دواتر لە سەردەمی فراوانخوازیی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانیی و وەرچەرخانی ئاراستەی فراونخوازییەکەی لە ئەورووپاوە بۆ ناوچەکانی ئاسیا و ئەفریقیا بە گشتیی و سوودان بە تایبەتی، هەندێک لە سەرکردە و سەربازەکانی سوپاکەی بۆ دەستگرتن بە سەر ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سوودان کورد بوون، ئەمە جگە لەوەی لە سەردەمی موحەمەد عەلی پاشا لە میسر و داگیرکردنی سوودان، دیسانەوە کورد وەک لایەنی سەربازیی و هەواڵگریی بەشداربوون، بەشێکی ئەو سەرباز و سەرکردانە لە سوودان نەگەڕاونەتەوە و بەشێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی کۆمەڵگەی سوودانیان پێکهێنا. توێژینەوەکە پشتبەستە بە میتۆدی کرۆنۆلۆجیی و شیکاریی. لە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەرئەکەوێت کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە بەرەنگارییکردنی داگیرکاریی بەریتانیی بەشدارێکی سەرەکیی بووە، بە تایبەت لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سوودان دا، بزوتنەوەی مەهدیی لە ڕۆژهەڵاتی سوودان لە لایەن سەرکردەیەکی سیاسیی و سەربازیی کوردەوە بە ناوی عوسمان دقنە سەرکردایەتیی کراوە، کە جگە لە خۆی زۆرینەی خێزانە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی سوودان لە دژی بەریتانیا بەشداریی شۆڕش و ڕاپەڕین بوون. تەکنیکە سەربازییەکانی عوسمان دقنە هێزەکانی بەریتانیای هەراسان کردبوو، یەکەم کەس بوو لە کیشوەری ئەفریقیادا تەکنیکی سەربازیی بەریتانیی بە ناوی (چوارگۆشەی ئینگلیزیی) تێك بشکێنێ.

**کلیلە وشەکان: کوردانی سوودان، عوسمان دقنە، بزوتنەوەی مەهدیی، بەریتانیی-میسریی، پارتیزانیی.**

Recieved: 16/3/2023
Accepted: 17/5/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

بابەتـی مێـژووی کـورد و کاریگەریـی لـە ئەفریقیـا و سـوودان کەمتریـن توێژینـەوەی ئەکادیمیـی لـە سـەرکراوە، بـەڵام ئەمـە ئـەوە ناگەیەنێـت کـە کـورد رۆڵ و کاریگەرییەکانـی لـە سـوودان پەراوێزخـراو و دوورەپەرێـز بێـت، بەڵکـو لەگـەڵ ئـەوەی ژمارەیـان بـە بـەراورد بـە هـۆزە جیاوازەکانـی سـوودان کەمـترە و کەمینـەن، بـەڵام لـە ئاسـت ژمـارەی دانیشـتوانی سـوودان و ناوچـەکـە کاریگەرییەکەیـان لـە ژمارەکەیـان زیاتـرە، لـە سـەرجەم قۆناغـە جیاوازەکانـی سـوودان رۆڵیـان بینیـوە، لـە هەندێکیشـیاندا بـە تایبەتـی لـە سـەردەمی بزوتنـەوەی مەهدیـی لـە رۆژهەڵاتـی سـوودان دا سەرمەشـقی کاری سیاسـیی و سـەربازیی بـوون.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە یەکەم توێژینەوەی زانستییە کە لەسەر رۆڵی سیاسیی کورد لە سوودان کرا بێت.

هـۆکاری هەڵبژاردنـی بابەتەکـە، بـە هـۆی نەبوونـی زانیاریـی و توێژینـەوەی زانسـتیی بـووە دەربـارەی بەشـداریی سیاسـیی کـورد لـە سـوودان، ئـەم بـوارە جگـە لـەوەی کـە بـە زمانـی کوردیـی هیـچ توێژینەوەیەکـی لەسـەر نەکـراوە بەڵکـو بـە زمانەکانـی تـری وەك عەرەبیـی و ئینگلیزییـش هیچـی لەسـەر نەنـوسراوە، توێـژەر هەوڵیـداوە ئـەم بـوارە نادیـارەی مێـژووی کـورد دەربخـات و کتێبخانـە و ناوەنـدە زانسـتیی و ئەکادیمییەکانـی کوردسـتان بـە خزمەتێکـی بچوکیـش بـێ دەوڵەمەنـد بـکات.

ئـەم توێژینەوەیـە سـۆراغ و گەڕانێکـی ئەکادیمییـە بـەدوای وەڵامـی ئـەو پرسیارانەدا ئەگەڕێـت ئایا کـورد رۆڵـی هەبـووە لـە مێـژووی سیاسـیی سـوودان؟ ئـەو قۆناغـە مێژوویـە هاوچەرخانـەی سـوودان کامانـەن کـە کـورد رۆڵـی تێـدا گێـڕاون؟ ئەگـەر کـورد رۆڵـی هەبـووە، ئایـا رۆڵەکـە سـەرکردایەتییکردن بـووە یـان بەشـداربوونێکی سـادە؟

ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە ناسـاندن و ئاشـکراکردنی رۆڵ و کاریگەریـی کـوردە لـە مێـژووی سیاسـیی سـوودان دا، هەروەهـا دەرخسـتنی ئـەو کەسـایەتییە کوردانـەی کـە لـە شـانۆی سیاسـیی سـوودان رۆڵیـان بینیـوە.

لـەم توێژینەوەیـەدا تەنهـا میتۆدێکـی دیاریکـراو بەکارنەهاتـووە، بەڵکـو فرەمیتـۆدی تێـدا بەکارهاتـووە وەک میتـۆدی وەسـفیی و شـیکاریی و لـە هەندێکـی شـوێنیش میتـۆدی بەراوردکاریـی بەکارهاتـووە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار باس و چەند تەوەرێك پێکدێت، ئەوانیش:

+ باسـی یەکـەم: کـورد لـە سـەردەمی جووڵانـەوەی رزگاریخوازیـی سـوودان (بزوتنـەوەی مەهدیـی) سـاڵی (١٨٨١ز-١٨٨٩ز)، باسـی دووەم: کـورد لـە سـەردەمی حوکمـی هاوبەشـی بەریتانیـی- میسریـی سـاڵی (١٨٩٥ز-١٩٥٥ز)، باسـی سـێیەم: کـورد لـەدوای سـەربەخۆیی سـوودان تـا کودەتـای سـاڵی (١٩٥٦ز-١٩٨٩ز)، باسـی چـوارەم: کـورد لـە سـەردەمی حکومەتـی رزگاریی نیشـتمانیی (١٩٨٩ز- ٢٠١٥ز) جگـە لـەم باسـانە ئـەم توێژینەوەیـە لـە دەرەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەکان پێکهاتـووە.

توێژینـەوەی رابـردوو: سـەبارەت بـە توێژینـەوەی رابـردوو دەربـارەی بەشـداریی سیاسـیی کـورد لـە سـوودان، تەنهـا نامـەی ماسـتەری (جوهـر جـلال وسـو) بـە نـاوی (الکـرد دخولهـم ودورهـم في سـوودان) هەیـە، کـە ئەتوانیـن بڵێـن تاکـە سـەرچاوەی ئەکادیمییـە و بـاس لـە مێـژوو و رۆڵـی کوردانـی سـوودان.

باسی یەکەم: کورد لە سەردەمی جووڵانەوەی رزگارییخوازیی سوودان دا (بزوتنەوەی مەهدیی) ساڵی (١٨٨١ز-١٨٨٩ز)

## تەوەری یەکەم: پوختەیەک دەربارەی جووڵانەوەی مەهدیی

بیرۆکەی مەهدیی وەک رزگارکەری جیهانی ئیسلامیی و گەڕانەوەی باڵادەستیی دەسەڵاتی ئیسلامیی، بیرۆکەیەکی کۆنە و لە سەرەتاکانی مێژووی ئیسلامیی و سەرهەڵدانی کێشە لەسەر دەسەڵات، وەک هێزی دژە ستەمکاریی و نادادیی و هەڵگری پەیامی بەرگریی و رزگاریی بوو، هەر چەندە بیرۆکەی مەهدیی و هاتنی لە قورئاندا باس نەکراوە، بەڵام لە هەندێک لە پەرتووکە ئیسلامییەکانی وەک ئەبی داود و ئیبن ماجە و تەرمزیی باسکراوە و چەند نیشانەیەکی ناسینەوەیان دیاریکردووە، وەک ئەوەی لە بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ) ئەبێت و ناوی موحەمەد مەهدییە کە دەسەڵاتی ئیسلامیی ئەگەڕێنێتەوە و دونیا پڕ لە دادگەریی و ئاشتیی ئەکات و ئەبێت بە یەکێک لە نیشانەکانی کۆتاییهاتنی ژیانی دونیا. هزری هاتنی موحەمەد مەهدیی بۆ سوودان و بڵاوبوونەوەی جگە لەوەی لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا هەبوو، هاوکات لە ئەنجامی سەردانی هاوڵاتیانی سوودان بۆ حەجی ماڵی خودا و بڵاوبوونەوەی ئەو دەنگوباسە لە ناو حاجییەکاندا، هەروەها ستەمکاریی دەسەڵاتی تورکیی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە سوودان و سەپاندنی باج و سەرانەی زۆر، ژینگەی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی هاتنی موحەمەد مەهدیی لە بار و ئامادە کرد بوو، هەروەها مامۆستایانی ئاینیی بەردەوام ئەیانوت لە کۆتایی هەموو سەدەیەکی کۆچییدا نوێکەرەوی ئایین دەرئەکەوێت و بە پێشەوای سەدە ئەناسرێت، بڵاوبوونەوەی ئەو بۆچوونانە زەمینەی بۆ سەرکەوتنی هەر کەسێک رەخساندبوو کە بیەوێت وەک موحەمەد مەهدیی خۆی بناسێنێت (ابراهیم، ١٩٧٩، ٥٠-٥١)، لەو سەروبەندەدا موحەمەد ئەحمەد مەهدیی دەرکەوت، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە لە ناوچەی دونقولا لە باکووری سوودان لە بنەماڵەیەکی ئاینیی و ناسراوی ناوچەکە لە دایکبووە، خۆی بە (٣٠) پشت بۆ پێشەوا عەلی کوڕی ئەبی تالیب و بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ) ئەگەڕاندەوە، باوکی بەلەمی بچووکی درووست ئەکرد کە زیاتر لە رووباری نیل دا بۆ راوە ماسیی بەکار ئەهات، موحەمەدی کوڕیشی فێری کاری دارتاشیی و درووستکردنی بەلەم بوو، بەڵام بە هۆی کاریگەریی ماڵی باپیرەی (باوکی دایکی)یەوە زیاتر ئارەزووی لە خوێندنی ئاینیی بوو، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە قورئانی لەبەر کردووە، لە قوتابخانە ئاینییەکانی کەرەریی و خەرتووم زانستەکانی راڤەی قورئان و جوان خوێندنەوە و فیقە و ویردەکانی سۆفیگەریی تەواو کرد، لە ناو هاورێکانیدا بە گەنجێکی خوا پەرست و خۆپارێز و پشت لە دونیا ناسرا بوو (شقیر، ٢٠١٧، ٢٦٦-٢٦٧).

لە دوای مردنی باوکی، ماڵیان بۆ ناوچەی جەزیرەی ئەبا لە باکووری خەرتووم گواستەوە، چونکە ئەو ناوچەیە بە داری زۆر دەوڵەمەندبوو، سەرچاوەیەکی باشی دابینکردنی کەرەستەی خاوی پیشەسازیی دارتاشیی بوو، لەگەڵ براکانی خەرجیی ژیانی خۆیان و خێزانەکەیان دابینکردووە، جەزیرەی ئەبا دەروازەیەکی تازەی بە رووی موحەمەد ئەحمەد مەهدییدا کردەوە، ئاشنایەتیی لەگەڵ کۆمەڵێک زانای ئاینیی نوێدا پەیداکرد، لەوانە شێخ موحەمەد شەریف کە شێخی تەریقەی سەممانیی بوو، ماوەی چەند ساڵێک وانەی ئاینیی لە لای ئەو خوێند و سوودی لە زانستەکانی وەرگرت، بەڵام دواتر بە هۆی بۆچوونی جیاوازەوە شێخی بەجێهێشت. لە هەمان ناوچە ناکۆکیی پێشتری نێوان شێخی قورەیشیی (کە ئەمیش شێخی تەریقەی سەممانی بوو) و شێخ موحەمەد شەریفی قۆستەوە و پەیوەندیی بە شێخی قورەیشیی کرد و شێخ موحەمەد شەریفی بە لادەر لە شەریعەت ناوبرد، شێخی قورەیشیی پێشوازی لە موحەمەد ئەحمەد مەهدیی کرد و هەر زوو

کچێکی خۆی پێدا، ئەمە دەرگای بە رووی موحەممەد مەهدیی دا کردەوە بۆ ئەوەی خەڵک زیاتر بیناسن. مردنی شێخی قورەیشیی لە ساڵی ١٨٨٠ز هەلی زیاتری بۆ رەخساند بە تایبەت کە بڵاویکردەوە شێخ پێش مردنی، ئەوی وەک جێگرەوە و پێشڕەوی کاروباری تەریقەت دیاریکردووە، ئەم هەنگاوە ناوبانگی موحەممەد ئەحمەد مەهدیی زیاتر کرد، لە دەوروو بەری جەزیرەی ئەبا تەریقەتەکەیان بڵاوکردەوە لایەنگرانیان زیاد بوون، ناوبانگی لە ناوچەکانی دوونقولا و سنار و کوردۆڤان بڵاوبوویەوە، رۆژێک پیاوێک بە ناوی عەبدوڵا تەعایشیی لە تەکیەی جەزیرەی ئەبای سەردانی کرد و دانیشت و وەک موحەممەد مەهدیی ناساندی و بەیعەتی پێدا، وتی باوکم یەکێک لە پیاوچاکان و خواناسان بووە و پێش مردنی وتوویەتی کە بەم نزیکانە موحەممەد مەهدیی دەرئەکەوێت و موسڵمانان لە زوڵم و زۆرداریی رزگار ئەکات و تۆش وەزیرێکی باوەڕپێکراوی ئەبیت، موحەممەد ئەحمەد مەهدیی ئەم رووداوەی زۆر پێخۆش بوو و قبووڵی کرد و ئەو بیرۆکەیان بڵاوکردەوە کە مەهدیی رزگارکەرە و داپەروەریی و ئاشتیی ئەهێنێتە ئاراوە و موسوڵمانان لە ژێردەستەیی و ستەم رزگار ئەکات (شقیر، ٢٠١٧، ٢٧٠-٢٧٢).

موحەممەد مەهدیی لە دوای ئەوەی وەک مەهدیی رزگارکەر خۆی ناساند و لاسایی ژیان و مێژووی پێغەمبەر (د.خ) کردەوە، لە وەک چۆن پێغەمبەر(د.خ) لە مەککەوە بۆ مەدینە کۆچی کرد، ئەمیش لە جەزیرەی ئەبا بۆ ناوچەی قەدیر کۆچی کرد، هەروەها لە شوێنکەوتووانی داواکرد کە پێش مردنی ئەوەی مافی لایەتی لێی وەربگرێتەوە، لە دیاریکردنی پایەختی دەسەڵاتەکەی، سواری حوشترێک بوو وتی: ''لە کوێ وەستا لەوێ پایەتخت و ماڵ دروست ئەکەین، لە دوای مردنیشی شوێنکەوتووانی هاوشێوەی پێغەمبەر (د.خ) لەو شوێنەی تێیدا مرد، ناشتیان (ابو سليم، ١٩٩٢، ٥٤). موحەممەد مەهدیی دونیابینیی خۆی تەنها لە سەر بنەمای جیهانی ئاشتیی و شەڕ دابەش نەکرد، خەڵکی بۆ دوو بەش دابەشکرد، ئەوانەی باوەڕیان بە مەهدیی هەیە و ئەوانەی باوەڕیان پێی نییە، لەبەرئەوە هەموو ئەوانەی باوەڕیان پێی نەبوو بە کافر و بێباوەڕ ئەیناساندن، لە سەرووی هەموویانەوە تورکەکان، چونکە پێی وابوو ئەوان دوژمنی ئیسلامن و ناوبانگی موسڵمان و ئیسلامیان لەکەدارکردوە، لە ستراتیژیی مەهدیی دا میسر ناوچەیەکی گرنگ و مەیدانی بڵاوکردنەوەی هزری مەهدیی و گەیاندنی بە دەرەوەی سوودان بوو، چونکە لە کیشوەری ئەفریقیادا میسر چەقی قورسایی تورکەکان بوو، پێیوابوو ئەگەر لە میسردا سەرکەوتوو بێت، بە ئاسانی ئەتوانێت بزوتنەوەکەی بە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیی بگەیەنێت (القدال، ١٩٩٩، ٣٧).

بانگەوازی مەهدیی لە دوای ئەوەی لە ناوچەکانی سنووری نیشتەجێبوونی موحەممەد ئەحمەد مەهدیی لە ناوەڕاستی سوودان و باکووری خەرتووم جێگای خۆی کردەوە و دەروێش و لایەنگرانی زیاد بوون، کەوتنە بیری ئەوەی خەڵک بۆ شۆڕش و راپەڕین دژی دەسەڵاتی تورک هان بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتای بانگەوازەکە روویکردە ناوچەکانی ناوەڕاست و رۆژهەڵات و رۆژئاوای سوودان و ناوچەکانی دەوروو بەری دەریای غەزال و سنووری هێڵی یەکسانی دەسەڵاتی خێڵە زەنجییەکان، کە بە هاتنی دەسەڵاتی تورک بۆ ئەو ناوچانە دەسەڵاتی خێڵەکییان لە دەستدابوو، پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ خێڵە عەرەبییەکانی ناوەڕاستی سوودان دا هەبوو. هەروەها ئەو خێڵە زەنجییانەی پەیوەندییان لەگەڵ ناوەراست و رۆژهەڵاتی سوودان بەهێز نەبوو، چوونە ریزی جووڵانەوەی مەهدیی وەک هۆزەکانی (دێنکا، نویر و شلک) ئەم هۆزانە هۆکاری

هاتنیان لەبەر خۆشەویستی هۆزە عەرەبییەکان و پەیوەندی کۆمەڵایەتییان نەبوو، زیاتر رزگاربوون بوو لە دەسەڵات و باج و سەرانەی تورک، بەڵام پەیوەندییکردنی خەڵکی باکووری سوودان و هۆزەکانی دەناقلە بە جووڵانەوەی مەهدیی زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە وایان ئەزانی جووڵانەوەکە هەلێکی باش بۆ بازرگانییکردنی کۆیلە لە ناوچەکە ئەڕەخسێنێت، چونکە کاریگەریی لەسەر ژیانی خەڵکی ناوچەکە و بوژانەوەیان لە رووی ئابووریی ئەبوو(القدال، ١٩٩٢، ٨٠)

## تەوەری دووەم: عوسمان دقنە وەک ئەمیری رۆژهەڵاتی جووڵانەوەی مەهدیی

یەکەم: رەچەڵەکی عوسمان دقنە

بنەچە و باپیرە گەورەی عوسمان دقنە کورد بوون (Makris, ٢٠٠٠, ٢٣٩)و لە شاری دیاربەکری باکووری کوردستان لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانیی(١٥١٢-١٥٢٠ز) چونەتە سوودان و لە شاری سەواکن نیشتەجێبوون، لەگەڵ هۆزەکانی هەدەندەوە و ئەرتێقە تێکەڵبوون و هاوسەرگیرییان لەگەڵدا کردوون، سەبارەت بە ناوی دقنە چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە، لەوانە لە (دقنة)ی زمانی عەرەبییەوە هاتووە کە بە مانای ریش دێت، بەڵام ریش خاڵی جیاکەرەوەی خەڵکی ناوچەکە نییە، چونکە زۆربەی دانیشتوانی رۆژهەڵاتی سوودان و هۆزەکانی ناوچەکە وەک هەدەندەوە و بیجە ریشیان هەیە، بەڵام دقنە بە زمانی هەدەندەوە بە مانای (ناشیرین) دێت و داویانەتە پاڵ ناوی عوسمان دقنە، چونکە لە باوکێکی کورد و دایکێکی تورک یان شامی بووە، رەنگی لە خەڵکی ناوچەکە جیاوز بووە، بەڵام ئەمەشیان رێی تێناچێت، چونکە زۆرینەی دانیشتوانی سەواکن بە بەراورد بە دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە؛ وەک هەدەندەوە و بەنی عامر رەنگی پێستیان کراوەیە، بەڵکو راڤەی درووست سەبارەت بە ناوی دقنە بە شێوەیەکی سادە ئەوەیە کە تەنها ناوی خێزانێکی گەورە، یان هۆزێکی دیاریکراوی کوردیی بێت (Jackson, ١٩٢٦, ٢٣).

باپیری عوسمان دقنە ناوی عەلی دقنەی خەڵکی شاری دیاربەکری باکووری کوردستان بوو، برایەکی لە ناوچەکانی ئەرمینیا سەرکردەی سەربازیی عوسمانیی بوو، پێئەچێت عەلی دقنە بەردەوام کێشە و گرفتی بۆ براکەی درووستکردبێت، بۆیە ئەویش لە رێگەی عوسمانییەکانەوە بۆ سەواکن لە خۆی دوورخستبێتەوە، عەلی دقنە لە ناو بازاڕی سەواکندا کرێکاریی کردووە، هەتا رۆژێکیان پیرەژنێک لە ناوچەی ئەرکەویتەوە بۆ مەبەستی فرۆشتنی شیر ئەچێتە بازاڕی سەواکن و عەلی دقنەش یارمەتی ئەدات، پیرەژنەکە لە دوای فرۆشتنی شیر و بەرهەکانی باسی ئەرکەویت و ژیانی ئەوێی بۆی ئەکات کە سروشتی ناوچەکە زیاتر شاخاوییە و فێنکە، عەلی دقنە لەگەڵ ئەودا بۆ ئەرکەویت کۆچیکردووە، دوای ماوەیەک لە کارکردن باخچەیەکی درووستکردووە و خانووی لەسەر بونیاتناوە، پاشان داوای هاوسەرگیریی لە کچی پیرە ژنەکە کردووە، بەڵام پێش ئەوەی رەزامەندیی باوکی کچەکە وەربگرێت کچەکە دووگیان بووە، دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە سەرۆك هۆزی هەدەندەوە (وێلی ئای) زۆر تووڕە ئەبێت و فەرمانی لە سێدارەدان بۆ عەلی دقنە و کچەکە دەرئەکات، بەڵام عەلی دقنە و پیرەژن و کچەکە بۆ سەواکن گەڕاونەوە و لە لای هۆزی ئەرتێقە خۆیان پەناداوە، خێزانەکەی کوڕێکی بە ناوی موحەمەد بووە، دواتر موحەمەد کۆمەڵێک منداڵ و نەوەی بە ناوەکانی فەقێ و ئەبوبەکری باوکی عوسمان دقنە بووە(Jackson, ١٩٢٦, ٥٧).

عوسمان دقنە لە ساڵی ١٨٤٣ز لە شاری سەواکن لەدایکبووە، کوڕی ئەبوبەکر دقنەیە و دایکی ناوی نەفیسەیە، لە بنەماڵەی قەلهاوید و تیرەی بەشاریاتی هۆزی هەدەندەوەیە. وانەی قورئانی پیرۆزی لە (خەلایە) خوێندووە لەبەرئەوە ناسناوی (ست البنات)ی لێنراوە، چوار کوڕیان بە ناوەکانی (عوسمان، عومەر، سوڵتان، گەیلان) و دوو کچیان بە ناوەکانی(عائیشە، حەلیمە) بووە، ئەبوبەکر دقنە شارەزایەکی باشی لە زانستە ئاینییەکاندا هەبووە و دایکیشی مامۆستای لەبەرکردنی قورئان بوو، لەبەر ئەوە عوسمان دقنە لە کەشێکی ئایینیدا پەروەردە بووە، لە تەمەنی (١٠) ساڵییدا هەموو قورئانی لەبەرکرد، زانستەکانی تەوحید و تەجوید و نەحوی لە پەیمانگەی زانستیی سەواکن خوێند. کۆچی بۆ شاری موخای یەمەن کرد و لەوێش چەند ساڵێکی خوێند و بڕوانامەی وەرگرت. بە هۆی (عەلی دقنە) کوڕی مامیەوە بازرگانیی لە نێوان شارەکانی (بەربەر و خەرتووم و ئوبەیز و روفاعە) بازرگانیکردووە، دواتر بازرگانییەکەی بۆ یەمەن و حجاز و میسر گواستەوە و وەک بازرگانێکی کۆیلە ناوی دەرکرد (ضرار، بدون سنة الطبع، ٢٠-٢١).

ئەگەرچی بەریتانییەکان عوسمان دقنەیان خۆشنەویستووە، بەڵام بە سەرکردەیەکی سەربازیی سەرکەوتوو و ئازای سوودان ناویان بردووە، لە چەند شەڕێکدا هێزەکانیان رووبەڕووی یەکتری بوونەوە، لە جەنگی تامای بەریتانییەکانی تێکشکاند (Jackson, ١٩٥٤, ٣).

وینستۆن چەرچڵ لە کتێبەکەیدا عوسمان دقنەی بە وریا و فێڵباز ناوبردووە (Churchill, ٢٠١٣, ٢٠٦)، یەکەم سەرکردە بووە توانیویەتی تەکنیکی چوارگۆشەی سەربازیی بەریتانیی تێک بشکێنێت (ابو قرجة، ٢٠٠٠، ٤٠٢)، چوارگۆشەی بەریتانیی هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بەکار ئەهات، لە فیرقەیەکی پیادە و چواردەوردراو بە چەکی ئاگری بۆ گەمارۆدانی دوژمن لە هەر چوار لاوە پێکهاتبوو، (الافغاني، ٢٠٢١، ١٣٣)، عوسمان دقنە لە تێکشکاندنی ئەو چوارگۆشەیە وەک پاڵەوان ناسراوە، هەر لەبەر ئەمە (رۆدیار کیبلینج) شاعیر و ئەدیبی دیاری ئینگلیز لە سەرەتای سەدەی بیستەم کە لە ساڵی ١٩٠٧ز خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب پێدراوە، هۆنراوەیەکی بە ناوبانگی بە ناوی فوزی ویزی (Fuzzy Wuzzy) نووسیوە، باس لە تێکشکاندنی چوارگۆشەی ئینگلیزیی و سەرکەوتنی هێزەکانی عوسمان دقنە بەسەر هێزەکانی ئینگلیز ئەکات. عوسمان دقنە ئەزموونێکی باشی لە شەڕکردن لەگەڵ ئینگیز هەبوو، بەڵام هەندێکجار جیاوازیی لە نێو سەرکردە سەربازییەکانی جووڵانەوەی مەهدیی لەسەر چۆنیەتی هێرشکردنە سەر هێزەکانی ئینگیز درووستبووە، خەلیفە موحەمەد ئەحمەد بە هۆی شارەزایی و سەرکەوتوویی عوسمان دقنە نەخشە و پلانەکەی ئەوی هەڵبژاردووە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٩٨ز لە کاتی درووستبوونی ناکۆکیی لە نێوان سەرکردەی سەربازیی جووڵانەوەی مەهدیی مەحمود وەد ئەحمەد و عوسمان دقنە لەسەر چۆنیەتی هێرشکردنە سەر هێزەکانی ئینگلیز لە ناوچەکانی نزیک ئوم دەرمان، خەلیفە پلانە سەربازییەکەی عوسمان دقنەی پەسەندکرد، چونکە مەحمود وەد ئەحمەد لە بەرامبەر عوسمان دقنەدا ئەزمونی شەڕکردن و سەرکەوتنی لەگەڵ هیزەکانی ئینگلیز زۆر کەمتر بوو (الصفوة، ٢٠١٧، ٢٥٣)

لەبەر گەورەیی و کاریگەریی عوسمان دقنە لەسەر مێژووی رزگارییخوازیی سوودان، چەند ناوچەیەکی گرنگ لە سوودان بە ناوی ئەوەوە ناونراون، وەک: بەندەری عوسمان دقنە لەسەر دەریای سوور لە شاری سەواکن (یونس، ٢٠٢٢، العدد (١٥٨٨٦)) و جۆرە خورمایەک لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سوودان بە ناوی دقنەوە کراوە

(الامم المتحدة، ٢٠٢٠، ١٤٧).

دووەم: رۆڵی عوسمانە ریشە وەک ئەمیری رۆژهەڵاتی جووڵانەوەی مەهدیی و تەکنیکی شەڕی پارتیزانی

عوسمان دقنە لە تەمەنی منداڵییەوە هەستی شۆڕشگێڕیی و بەرەنگاریی دژی ستەم و نادادیی داگیرکاریی ئەورووپی و عوسمانیی لە ناخیدا چەکەرەیکرد بوو، ئەم هەستەشی لە رووداوێکەوە بۆ درووستبوو کە پیاوێکی سەواکنی لە کاتی دارکارییکردنی لە لایەن ئەورووپییەکانەوە، بە هۆی ئەوەی سەربازێکی ئەوانی کوشتبوو بە بەرچاوی خەڵکەوە لە ناو بازاڕی شارەکە بەرامبەر لێدان و سزادانی ئەورووپییەکان خۆڕاگربوو، هەتا گیانی لەدەستدا. ئەم رووداوە لە لایەن هەندێک لە لاوانی ناوچەکە سەرکۆنە کرا و خۆپیشاندانێکی نارەزاییان ئەنجامدا کە موحەمەد موسا دقنەی ئامۆزای عوسمان دقنە و عەبدوڵا حامد و موستەفا عەلی هەدیل سەرپەرشتییان کرد، چەند هوتافێکی ناڕازییان لە دژی ستەم و نادادیی دەوتەوە، بەڵام لە دوای تەواو بوونی خۆپیشاندانەکە بەشێک لەو گەنجانەی بەشدارییان کرد، کە عوسمان دقنەش یەکێک لەوانە بوو، لە ترسی گرتن و دیار نەمانی چارەنوسیان لە دەورووبەری شاری سەواکن خۆیان حەشار دابوو، ئەم رووداوە شوێنەوارێکی گەورەی لە ناخی دقنەدا بەجێهێشت و هەستی شۆڕش و راپەڕینی لە دژی داگیرکەران لە ناخی دقنەدا چاند. (میرغنی، ١٤٣٠هجری، عدد (٦١٣١)).

دوای ئەوەی موحەمەد ئەحمەد مەهدیی لە پێناوی بڵاوکردنەوەی شۆڕش بە سەرجەم ناوچەکانی سوودان دا، نامەی بۆ پیاوماقوڵان و پیاوانی ئاینیی و شێخانی تەریقەتە جیاوازەکان نارد، لە رۆژهەڵاتی سوودان شێخ تاهیر مەجزوبی شێخی تەریقەتی خەتمی و عوسمان دقنەی هەڵبژارد، لە شاری ئوبەیز چاویان بە موحەمەد ئەحمەد مەهدیی کەوت و لە سەرەتادا داوای لە شێخ تاهیر مەجزوب کرد بۆ ئەوەی ئەرکی سەرکردایەتییکردنی جووڵانەوەکە لە رۆژهەڵاتی سوودان وەربگرێت، بەڵام شێخ تاهیر مەجزوب عوسمان دقنەی پێشنیار کرد، و ووتی "عوسمان دقنە باشترین مورید و هاوڕێی منە و پیاوی وەرگرتنی ئەو ئەرکە قورسەیە ئەو لە من شیاوترە بۆ وەرگرتنی ئەو ئەرکە و من دەبمە سەربازیی باشترین موردیدی خۆم و راوێژکار و لە کارەکەیدا یارمەتیدەری ئەبم، هەروەها داوا لە موریدانی خۆم ئەکەم پەیوەندیی پێوە بکەن و گوێڕایەڵی بکەن و من یەکەم کەس ئەبم بەیعەتی پێبدەم"، لە دوای ئەم قسانە تەواوی ئامادەبووانی کۆبونەوەکە بەیعەتیان بە عوسمان دقنەدا و بە ئەمیری رۆژهەڵاتی سوودان لە جووڵانەوەی مەهدیی دیاریکرا، لە هەمان رۆژدا کۆمەڵێک لە خەڵکی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سوودان لە شاری ئوبەیز بەیعەتیان بە عوسمان دقنەدا، لە پێش هەموویانەوە خزمەکانی خۆی بوون لە خێزانی دقنە و کە عومەری برای و ئامۆزاکانی بوون (ضرار، بدون سنة طبع، ٤٣).

لە دوای دیاریکردنی عوسمان دقنە بە ئەمیری رۆژهەڵاتی سوودان موحەمەد ئەحمەد مەهدیی چەند نامەیەکی جیاوازی پێدا نارد بۆ کەسایەتیی و خەڵکی ناوچەکە، لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ دانیشتوانی رۆژهەڵاتی سوودان نوسیبووی "شێخ عوسمان دقنە سەواکنیتان بۆ ئەنێرم بۆ ئەوەی گوێڕیەڵی بکەن و لە جیهاد دژی بێ باوەڕان یارمەتیبدەن و ئەمیری ئێوەیە و گوێڕایەڵی بکەن و لە فەرمانەکانی دەرمەچن، هەر لەگەڵ گەیشتنی ئەم نامەیە بە ئێوەی بەڕێز ئەگەر باوەڕتان بە خودا و بە رۆژی دوایی و مەهدیی چاوەڕوانکراو هەیە، پۆل پۆل لە دەشت و شاخەکانەوە لە پێناو بەرز راگرتنی ئاینی خودا و سوننەتەکانی

پێغەمبـەری خـودا و چەسـپاندنی دادگەریـی و بەرەنگاربوونـەوەی سـتەمکاریی پەیوەندیـی پێـوە بکـەن" (ضرار، بـدون سـنة طبـع، ٤٥)، لـە دوای ئـەو بانگـەواز و داواکارییـە ژمارەیەکـی زۆر لـە هـۆزە جیاوازەکانـی ڕۆژهەڵاتـی سـوودان بـە تایبەتـی هـۆزی بیجـە و تیـرەی هەدەنـدەوە لـە زانایانـی ئاینیـی و کەسـایەتیی و گەنجـان پەیوەندییـان بـە بزوتنـەوەی مەهدییـەوە کـرد (ضرار، ١٩٦٥، ١٣٩).

## تەوەری سێیەم: شەڕەکانی عوسمان دقنە

حکومەتـی تورکیـی – میسریـی لـە ڕۆژهەڵاتـی سـوودان دا چەنـد بنەکەیەکـی سـەربازیی لـە ناوچەکـەدا هەبـوو، لەوانـە بنکـەی سـەربازیی تۆکـەر بـە دووری ٤٠میـل لـە باشـووری سـەواکن، بنکـەی سـنکات بـە هەمـان دووری لـە خۆرئـاوای سـەواکن، ژمـارەی سـەربازانی بنکـەی سـەواکن نزیکـەی ٢٥ سـەرباز بـوون، لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی دەنگـۆی بەیعەتدانـی خەڵکـی سـنکات و دەورووبـەری بـە عوسـمان دقنـە و جووڵانـەوەی مەهدیـی بـە تایبـەت لـە دەروێشـانی شـێخ تاهیـر مەجـزوب و خەڵکـی ناوچەکـە، موحەمـەد بـەگ تۆفیـق میسریـی فەرمانـدەی هێزەکانـی تورکیـی- میسریـی بـە مەبەسـتی بەرگرتـن لـە شـۆڕش و ڕاپەڕیـن بـە پەلـە خـۆی و ١٠٠ سـەرباز ڕوویانکردە سـنکات، بـە مەبەسـتی بەرگرتـن لـە عوسـمان دقنـە و دامرکاندنـەوەی شـۆڕش و ڕاپەڕینەکـەی، نامەیەکـی بـۆ هەریەکـە لـە شـێخ تاهیـر مەجـزوب و ئەحمـەد دقنـەی بـرای عوسـمان دقنـە نـارد، بـەڵام هـەر دووکیـان نامەکەیـان دڕانـدو پشـتگیریی خۆیـان بـۆ عوسـمان دقنـە دەربـڕی، لـە هەمانـد کاتـدا عوسـمان دقنـە نامەیەکـی بـۆ موحەمـەد تۆفیـق بـەگ نـارد و داوای لێکـرد پەیوەندیـی بـە جووڵانـەوەی مەهدیـی بـکات و بەیعـەت بـە موحەمـەد ئەحمـەد مەهدیـی بـدات، بـەڵام موحەمـەد تۆفیـق بـەگ وتـی مـن فەرمانبەرێکـی دەوڵـەتم ئەبێـت نامەیـەک بنێـرم بـۆ قاهیـرە داوای ڕازیبـوون لـە سـەرووی خـۆم بکـەم، داوای کـرد (٣) ڕۆژ مۆڵەتـی پێبدرێـت بـۆ ئـەوەی وەڵامـی بداتـەوە. لـە ڕاسـتییدا موحەمـەد تۆفیـق بـەگ لـەو کاتـەدا ئامـادەی شـەڕکردن نەبـوو، چونکـە ناوچـەی سـنکات ناوچەیەکـی بەرفـراوان بـوو و ژمـارەی سەربازەکانیشـی کـەم بـوون، نەیدەتوانـی بـە تـەواوی ناوچەکـە کۆنتـرۆڵ بـکات و بەسـەر عوسـمان دقنـە و جووڵانـەوەی مەهدییـدا زاڵبێـت، عوسـمان دقنـە نەیتوانـی بـۆ مـاوەی (٣) ڕۆژ ئـارام بگرێـت، چونکـە ئەیزانـی ئـەوە تەکتیکـی یاریکردنـە بـە کات و خـۆ ئامادەکردنـی موحەمـەد تۆفیـق بـەگ و سـەربازەکانیەتی بۆ شـەڕ، موحەمـەد تۆفیـق بـەگ سـەربازەکانی بـە دەورووبـەری دیـواری قـەڵای سـنکات بڵاوکـردەوە و فـەردە خۆڵـی وەکـو سـەنگەر دانـا، عوسـمان دقنـە ئەگـەر ئـەم ئامادەکاریانـەی بینـی فەرمانـی بـە سـەربازەکانی کـرد هێـرش بکەنـە سـەر قـەڵای سـنکات، لـە ماوەیەکـی کەمـدا چوونـە نـاو حەرەمـی قەڵاکـە و لەگـەڵ سـەربازانی موحەمـەد تۆفیـق بەگـدا پێکهەڵپـڕژان و لـە یەکتریـان کوشـت، موحەمـەد تۆفیـق بـەگ و هەندێـک لـە سـەربازەکانی لەسـەر بانـی قەڵاکـەوە بـە تفەنـگ تەقەیـان لـە سـەربازانی عوسـمان دقنـە ئەکـرد (شـقیر، ٢٠١٧، ٢٥١)، ئـەم شـەڕە لـە یەکـەم ڕۆژی جەژنـی قوربـان لـە سـاڵی ١٨٨٣ز ڕوویـدا، تێیـدا موحەمـەد دقنـەی بـرای عوسـمان دقنـە کـوژرا و عوسـمان دقنـەش بـە سـەختی دەسـت و سـەر و پشـتی برینـدار بـوو (کرومـر، ١٩٦٠، ٣٩)، موحەمـەد تۆفیـق بەگیـش بـە هەمـان شـێوە برینـدار بـوو. لـە بـەرەی عوسـمان دقنـە (٦٠) کـوژراو و برینـدار هەبـوون، کـە زۆربەیـان خـزم و کـەس و کاری عوسـمان دقنـە بـوون ، لەوانـە: فەکـی موحەمـەد دقنـە و ئەحمـەد دقنـە و کوڕەکـەی حامـد ئەحمـەد دقنـە تاهیـر باوانیـن بـوون، لـە بـەرەی موحەمـەد تۆفیـق بەگیـش (٧) کـوژراو و (١٢) برینـدار هەبـوون، عوسـمان

دقنە و هاوەڵانی چوون بۆ ئەرکەویت و موحەمەد تۆفیق بەگیش بۆ سەواکن گوسترایەوە. سەبارەت بە ژمارەی کوژراوانی هەر دوولا سەرچاوە مێژووییەکان ژمارەی جیاواز ئەڵێن، لەوانە: موحەمەد سلیمان صالح ضرار لە کتێبی ( امیر الشرق عثمان دقنة)دا ژمارەی کوژراوانی بەرەی عوسمان دقنە بە (٧٠) کوژراو و بەرەی موحەمەد تۆفیق بەگ بە (٥٧) کوژراو دائەنێت (ضرار، ١٩٦٥، ٥٥؛ القدال، ١٩٩٢، ٢٠٩)

لە دوای کۆتایی شەڕی (ئۆکاک) سنکات لە ڕێکەوتی ١٨٨٣/٨/٢٩ز و بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی شەڕ و پێکدادانی نێوان هێزەکانی عوسمان دقنە و موحەمەد تۆفیق بەگ، خۆشەویستی عوسمان دقنە زیاتر کەوتە ناو دڵی خەڵکی ناوچەکە و ژمارەی لایەنگرانی زیادیکرد، (٨٠٠) جەنگاوەر لە هۆزی بەشاریاب و (٥٠٠) جەنگاوەر لە هۆزی حامدان پەیوەندییان بە هێزەکانی عوسمان دقنەوە کرد، بەڵام لە بەرامبەریشدا (٤٠٠) کەس لە هۆزی ئەمارار بە سەرکردایەتیی مەحمود عەلی شێخی فازڵابی سەر بە تەریقەتی خەتمی پەیوەندییان بە هێزەکانی مەحمود تۆفیق بەگەوە کرد، لە ڕێکەوتی ١٨٨٣/٩/١١ز هێزێکی (٢٠٠) کەسی بە سەرکردایەتیی مەحمود عەلی بە مەبەستی هێرش کردنە سەر عوسمان دقنە و دەستگیرکردنی بەرەو ناوچەکانی ئەرکەویت بەڕێکەوت، بەڵام لەگەڵ گەیشتنی هەواڵەکە عوسمان دقنە لەبەر ئەوەی تەندروستیی ڕێگەی نەئەدا سەرکردایەتیی لەشکرەکەی بکات، برازاکەی خۆی بە ناوی موحەمەد موسا دقنە کردە سەرکردەی لەشکرەکەی، فەرمانی پێکرد هێزەکانی بباتە دەرەوەی ئەرکەویت لە ناوچەی خۆر قوباب ڕێگە لە هێزەکەی مەحمود عەلی بگرن، لە دوای گەیشتنی هێزەکانی مەحمود عەلی بە ناوچەی خۆر قوباب هێزەکانی راگرت و بە چواردەوری خۆیان پەرژینێکی بە دارچندراویان دروستکرد و دوو دەرگایان بە ئاراستەی جیاواز دروستکرد، لە بەردەم هەر دەرگایەکدا تۆپ و تفەنگیان دانا، لەشکری موحەمەد موسا دقنەش لە چواردەوری ئەواندا بڵاوبوونەوە و گەمارۆیاندان، بە درێژایی ئەو شەوە هێزەکەی مەحمود عەلی بەگ نەیانتوانی بخەون چاوەڕێی ئەو هێزە زۆرە نەبوون لە بەرەی عوسمان دقنە، لە بەرەبەیانی هەمان شەودا تۆپخانەی مەحمود عەلی بەگ هێرشی کردە سەر مزگەوتی خۆر قوباب، لە ئەنجامدا (١٠) خوێندکاری مەهدیی و (٣) مامۆستا کوژران (ضرار، ١٩٦٥، ٥٦)، ئەم ڕووداوە تووڕەیی هێزەکەی موحەمەد موسا دقنەی زیاد کرد، لە هەر چوار لاوە هێرشیان کردە سەر پەرژینی هێزەکانی مەحمود عەلی و تەنها (٣) چەکداری مەهدیی توانیان بچنە ناو پەرژینەکە هەرسێکیشان لە ناو پەرژینەکەدا کوژران، لەم شەڕەدا (٢٧) چەکداری مەهدیی و ژمارەیەک بریندار هەبوون، لەناو بریندارەکاندا موحەمەد موسا دقنەی سەرکردەی هێزەکە بوو (شقیر، ٢٠١٧، ٢٥٢) لە بەرامبەردا (٧) چەکداری مەحمود عەلی کوژران کە یەکێکیان کوڕەکەی خۆی بوو، هۆکاری نابەرامبەریی زیانەکان، نابەرامبەریی بوو لە جۆری ئەو چەکانەی هەردوو هێزەکە بەکاریانهێنا، هێزی موحەمەد موسا دقنە بەرد و خشتە بەرد و شمشێر شەڕیان ئەکرد، بەرامبەرکەشیان بە تفەنگ و تۆپ شەڕیان ئەکرد، ئەنجامی شەڕەکە بە گەڕانەوەی هێزەکانی مەحمود عەلی بۆ سنکات و هێزەکانی موحەمەد موسا دقنە بۆ چیاکان و بەرزاییەکانی دەوروبەری ئەرکەویت کۆتاییهات (ابو سلیم، ١٩٩٢، ٥٢). هۆکاری گەڕانەوەی بە پەلەی هێزەکانی مەحمود عەلی ئەوە بوو کە خواردنیان تەنها بەشی شەو و ڕۆژێک پێبوو، چاوەڕێی ئەوەیان نەئەکرد کە هێزەکانی عوسمان دقنە بتوانن بەرگریی بکەن (ابو سلیم، ١٩٩٢، ٥١)، بەڵام هەر لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە عوسمان دقنە فەرمانی بە چەکدارەکانی کرد هێڵی تەلەگرافی نێوان سەواکن و سنکات ببڕن و ڕێگای نێوان

سەواکن و سنکات و بەربەرپیشی گرت، بۆ ئەوەی رێگا لە هاتنی یارمەتی سەربازیی و خواردن لە نێوان رۆژهەڵاتی سوودان و خەرتووم بگرێت، ئەم هەنگاوەی دقنە ترسێکی گەورەی خستە دڵی حکومەتی میسر و بەریتانیا، هێزێکی ئامادەی لە جەندرمە بە سەرکردایەتیی فالتین بیکر پاشا برای (سیر سمویل بیکر)، کە پیشتر سەرکردەی هێزێکی تایبەت بوو، کە لە زنوجەکان پێکهاتبوو لە لایەن زوبێر پاشاوە پێکهێنرا بوو (هولت، ١٩٧٨، ١٠٠).

## شەڕی ئەنبەت

لە رێکەوتی ١٨٨٣/١٠/٢٧ز عوسمان دقنە فەرمانی بە گرتنی رێگای نێوان سەواکن و کەسەلا کرد، بۆ ئەم مەبەستە دوو هێزی تایبەتی لە هۆزی قەرعیب ئامائەکرد، ئەرکیان پاراستنی رێگای نێوان سەواکن و کەسەلا بوو بۆ ئەوەی هێزی بەرامبەر نەتوانێت یارمەتی لە رێگای دەریای سوورەوە بگەیەنێتە کەسەلا و خەرتووم، دوای گرتنی رێگاکە لە لایەن چەکدارانی مەهدیی و گەیشتنی هەواڵەکە بە هێزەکانی تورکیی-میسریی (ابو سلیم، ١٩٩٢، ٥٢) بە مەبەستی لێدان لە هێزەکانی عوسمان دقنە و کردنەوەی رێگاکە هێزێکی (١٥٦) کەسیی بە سەرکردایەتیی بەکباشی موحەمەد بەگ خەلیل و حەسەن لوتفی بۆ نێوان سەواکن و کەسەلا نێردران، هەر کە هەواڵی هاتنی هێزەکە گەیشتە عوسمان دقنە، خۆی و چەکدارەکانی لە ناو تاشەبەرد و دارەکانی ناوچەی ئەبنەت خۆیان و چەکەکانی دەستیان کە پێکهاتبوون لە شمشێر و خەنجەر کەمینیان دانا (ضرار، ١٩٦٥، ٥٨)، ناوچەکانی نێوان سەواکن و سنکات تۆبۆگرافیایەکی شاخاویی هەبوو لە شاخ و بەردی گەورە پێکهاتبوو، لە ژینگەیەکی وەهادا بەرگرییکردن و خۆپاراستن و هێرشکردنە سەر دوژمن ئاسانە و بە کەمترین زیان ئەتوانرێت زیان لە دووژمن بدرێت، زاڵبوون بە سەر ئەو هێزانەی لە رۆژهەڵاتی سوودان و کەناراوەکانی دەریای سوورەوە دێن کارێکی زەحمەت و گران نییە (کرومر، ١٩٦٠، ٤٠)، هێزەکانی بەکباشی موحەمەد بەگ خەلیل لە نزیک ئەبنەت سەنگەریان لێدا و لە سەر سەنگەرەکانیشیانەوە بە مەبەستی خۆپاراستن فەردە خۆڵیان لەسەر یەک دانا، چونکە وایان ئەزانی هێزەکانی عوسمان دقنە تۆپ و تفەنگیان پێیە، لەگەڵ ئەوەی چاویان بە چەکدارانی مەهدیی کەوت تەقەیان لێکردن و چەکدارانی مەهدییش چواردەوریان گرتن و هێرشیان کردە سەریان، جگە لەوەی تەنها (٧) چەکداریان هەڵاتن ئەوانی تر سەرجەمیان کوژران، لەو شەڕەدا (١٥٠) تفەنگ و (٣٠٠٠) فیشەک دەست چەکدارانی عوسمان دقنە کەوت، ئەم سەرکەوتنە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر لایەنی دەروونی و بەرزبوونەوەی ورەی چەکدارانی عوسمان دقنە درووستکرد، لە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی سەرکەوتنەکە لە ناو خەڵکیدا ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی رۆژهەڵاتی سوودان پەیوەندییان بە هێزەکانی عوسمان دقنەوە کرد، پۆل پۆل بەیعەتیان بە مەهدیی ئەدا و چەکیان لە دژی داگیرکەر هەڵئەگرت، لە بەرامبەریشدا کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دەروونی سەربازانی تورکیی- میسریی درووستکرد و ترسێکی گەورەی خستە دڵیانەوە (ضرار، ١٩٦٥، ٥٨)، جگە لەمەش لایەنگرانی جووڵانەوەی مەهدیی و عوسمان دقنە ئەو باوەڕەیان لەلا درووستبوو کە سەردەمی سەرکەوتنی ئەوان دەستپێکردووە و هێزەکانی تورکیی-میسریی ناتوانن بەسەریاندا زاڵبن و کاتی سەربەخۆیی و رزگاربونیان نزیک بۆتەوە (کرومر، ٦٠١٩، ٤١).

## شەڕی ئەلتەیب (التیب)

عوسمان دقنە لە دوای سەرکەوتنی لە شەڕی ئەنبەت لە دژی هێزەکانی تورکیی- میسریی، تەکتیکی شەڕکردنی بە گەمارۆدانی نەیارەکانی و پچڕاندنی پەیوەندیی نێوان هێزەکانی بەرامبەری لە نێوان شارەکاندا بگۆڕێت، تاوەکو ڕێگا لە یارمەتیدانی یەکتری بنکە سەربازییەکانی هێزی تورکیی- میسریی بگرێت، پێیوابوو باشترین ناوچە بۆ ئەوەی لەم کاتەدا بکرێتە ئامانج شاری تۆکەرە، لەبەر ئەوە بڕیاریدا بە زووترین کات گەمارۆی شارەکە بدات و ڕێگای نێوان سەواکن و تۆکەر ببڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش خزر عەلی حەسانی وەک سەرکردەی هێزەکە دیاریکرد، ئەم هەنگاوەی دقنە لە لایەن هۆزەکانی دەورووبەری تۆکەر پێشوازی لێکرا، بە تایبەت هۆزی ئەرتیقە کە دەروێشی شێخ تاهیر مەجزوب بوون، شێخ تاهیر پەیامێکی تایبەتی بۆ گەورەی هۆزەکە موسا فەقیە نارد، بۆ ئەوەی پەیوەندیی بە هێزەکانی عوسمان دقنەوە بکەن، ئەوانیش داواکەیان قبوڵکرد و پەیوەندییان کرد، لە هەمان کاتدا دادوەری سەرەکیی ئەمیر خزر قازی سالح شاری تۆکەرەی بەجێهێشت و پەیوەندیی بە هێزەکانی عوسمان دقنە کرد، دوای ئەم هەواڵە هێزەکانی تورکیی- میسریی لە بنکەی سەربازیی تۆکەر سەنگەریان بە چواردەوری شارەکەدا هەڵکەند و داوایان لە ئەمیر خزر قازی سالح کرد پەشیمان ببێتەوە و خۆی رادەستی هێزەکانیان بکات، بەڵام ئەو داواکەی ڕەتکردوە (ضرار،١٩٦٥، ٥٩).

لە دوای ئەوەی هەواڵی گەمارۆدانی شاری تۆکەر بە هێزەکانی تورکیی- میسریی لە سەواکن، هێزێکی سەربازییان بۆ یارمەتی بەرەو شاری تۆکەر نارد، عوسمان دقنەش هێزەکانی کرد بە دوو بەشەوە؛ بەشێکیان خۆی سەرکردایەتییکردن و لە دەوروبەری تۆکەر مانەوە، هێزەکەی تریشیان بە سەرکردایەتیی عەبدوڵا حامد بۆ دانانی کەمین و ڕێگریی لە گەیشتنی ئەو هێزە نارد کە بریارە لە سەواکنەوە بەرەو تۆکەر بێن (ابو سلیم، ١٩٩٢، ٥٨-٥٩.)، لەشکری تورکیی- میسریی لە لایەن مەحمود تاهیر پاشا بەرپرسی هێزەکانی تورکیی- میسریی لە سەواکن سەرکردایەتییکرا (ضرار، ١٩٦٥، ٦١) هێزەکە لە (٥٥٠) سەرباز پێکهاتبوو و کونسوڵی بەریتانیا لە جەدە بە ناوی کاپتن مونکریف لە ناو ئەو هێزەدا بەشداریی شەڕەکە بوو، هێزەکە لە بەرە بەیانی ١٨٨٣/١١/٥ز کەوتنە ڕێ، بەڵام دوای یەک کاتژمێر و نیو لە ڕێکردن لە ناوچەی ئەلتەیب (التیب) هێزەکانی عوسمان دقنە بە سەرکردایەتیی عەبدوڵا حامد هێرشیان کردە سەر و لە ماوەیەکی کەمدا بەسەریاندا سەرکەوتن، کاپتن مونکریف و (١٦٠) سەرباز و ئەفسەر لە شەڕەکەدا کوژران، لە کاتێکدا چەکدارانی عوسمان دقنە ژمارەکەیان لە (١٠٠) چەکدار زیاتر نەبوون (الرافعی، ١٩٨٣، ١١٥)و لەو ژمارەیەش (٢٧) چەکداریان لێکوژرا، کە لەناویاندا عەبدوڵا حامدی سەرکردەی هێزەکە بوو، لە دوای ئەوەی مەحمود تاهیر پاشا و پاشماوەی لەشکرە تێکشکاوەکەی گەڕایەوە بۆ سەواکن، فەرمانی دوورخستنەوەی لە بەرپرسیارییەتی هێزەکانی تورکیی- میسریی لە میسرەوە بۆ هات و سلێمان پاشا نیازی شوێنی ئەوی گرتەوە. ویستی لە ڕێگەی پێدانی بەرپرسیایەتی بە عوسمان دقنە و شێخ تاهیر مەجزوب کۆتایی بە شۆڕش و ڕاپەڕینەکە بهێنێت، بۆ ئەو مەبەستەش بەڵێنی برا گەورەیی هەموو هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی سوودانی بە عوسمان دقنە و سەرکردەی ئاینیی ڕۆژهەڵاتی سوودانیشی بە شێخ تاهیر مەجزوب دا، بەڵام هەردووکیان پێشنیارەکەیان ڕەتکردەوە (ضرار، ١٩٦٥، ٦١).

## گەمارۆی سنکات(ئۆکاک):

سلێمان پاشا نیازی لەدوای ئەوەی دەسەڵاتی هێزەکانی تورکیی- میسریی لە رۆژهەڵاتی سوودان و رۆژئاوای دەریای سوور گرتە دەست، بە مەبەستی هێرشکردنە سەر هێزەکانی عوسمان دقنە و شکاندنی گەمارۆی نێوان شارەکانی سەواکن و سنکات لە لایەك و تۆکەر و سنکات لە لایەکی ترەوە، هێزی سەربازیی لە ناوچەکانی ئەریتریا و بەربەڕ و تۆکەر و سنکات لە سوودان کۆکردەوە. ئەم کارەی سلێمان پاشا نیازی لە ئەنجامی ئەوەوە هات کە هێزەکانی لە شەڕی ئەلتەیب پەرتەوازە و شپرزە ببون، عوسمان دقنە هەواڵی خۆ ئامادەکردنی سلێمان پاشا نیازی بیست، بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی دەستیکرد بە خۆئامادەکردن و کۆکردنەوەی لەبەر ئەوە چەکداری زیاتری لە هۆزەکانی رۆژهەڵاتیی سوودان کۆکردەوە و بۆ ئەم مەبەستە بۆ توندکردنی گەمارۆی سەر شاری سەواکن و دەستگرتن بەسەر ئاوی سازگاری ناوچەی ئەلشاتە (الشاطة)، هێزێکی بە سەرکردایەتیی ئەبو فاتمە باتار شەرعابی نارد. چونکە تاکە ناوچەی نزیکی شاری سەواکن بوو کە ئاوی سازگاری هەبێت، دەستگرتن بە سەر ئەم ناوچەیە جگە لەوەی گەمارۆیەکی سیاسیی بوو لە هەمان کاتدا سەرچاوەیەکی گرنگی پەیدا کردنی داهات بوو، بە تایبەت لە مەڕدارەکان بۆ ئاودانی مەڕ و ماڵاتەکانیان ناچار بوون یارمەتی دارایی پێشکەشی هێزەکانی عوسمان دقنە بکەن (ضرار، ١٩٦٥، ٦١)

لەدوای چارەسەربوونی برینەکانی عوسمان دقنە بە گوڕوتینێکی تازەوە هاتەوە مەیدانەکانی جەنگ و راستەوخۆ سەرپەرشتی شەڕەکانی ئەکرد، بە مەبەستی هێرشکردنە سەر شاری سەواکن و گرتنی رێگای سەواکن و تۆکەر، (٣٠٠٠) چەکداری لە ناوچەی بیرەکانی تماى (أبار تماي) لە دووری (٢٠) میل لە شاری سەواکن جێگیر کرد، هێزەکانی تورکیی-میسریی بە سەرکردایەتیی کازم ئەفەندیی لە (سەواکن)ەوە بە (٧٠٠) سەربازی ئەفریقیی و (٢٠) سوار بەرەو ناوچەی بیرەکانی تمای جوڵەیان کرد، لە هەمان ناوچە لە رێکەوتی (٢)ی دیسەمبەری ساڵی (١٨٨٣ز) بەریەککەوتن و شەڕێکی سەخت لە نێوانیاندا روویدا، کە تەنها (٤٥) سەربازی تورکیی-میسریی رزگاریان بوو ئەوانی تر هەموویان کوژران و بەرەو شاری سەواکن گەڕانەوە، لە بەرامبەردا هێزەکانی عوسمان دقنە (٨٠) کوژراویان هەبوو (شقیر، ٢٠١٧، ٣٥٣).

## شەڕی دووەمی ئەلتیب

لەدوای سەرکەوتنە یەك لە دوایەکەکانی هێزەکانی عوسمان دقنە لە بەرامبەر هێزەکانی تورکیی-میسریی، جۆرێك لە بێ ئومێد بوون لە لایەن تورك و میسرییەکانەوە بۆ زاڵبوون بەسەر هێزەکانی دقنە درووستبوو. هەروەها لەبەر ئەوەی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سوودان لەگەڵ دەریای سوور هاوسنوور بوون و دەروازەی دەریایی تەواوی سوودان و ئەسیوبیا بوو، جگە لە هێزەکانی تورکیی-میسریی، بەریتانیاش بوونێکی سەرەکیی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و رۆژئاوای سوودان دا هەبوو، بە گرتنی دەروازەی دەریایی سەواکن و رۆژئاوای دەریای سوور بەربەستێکی گەورە لە بەردەم جوڵەی هێزەکانی بەریتانیا لە سوودان و بەستنەوەیان بە جیهانی دەرەوە درووست ئەبوو، لەبەر ئەوە مەترسیەکانی عوسمان دقنە تەنها بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی هێزەکانی تورکیی-میسریی نەبوو، بەڵکو مەترسیی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاش هەبوو، لەبەر ئەوە بەرگرتن بە جوڵەی هێزەکانی دقنە و کۆتاییهێنان بە شۆڕش و راپەڕینە چەکدارییەکەی، هێزە ناکۆکەکانی بە

یەکەوە کۆکردەوە، بۆ ئەم مەبەستە هەریەکە لە تورك و میسر و بەریتانییەکان ئامادەکاریان بۆ هێرشێکی بەرفراوانی سەر هێزەکانی دەقنە کرد، تاوەکو گەمارۆی سەر شارەکانی سەواکن و تۆکەر و سنکات و کەسەلا بشکێنن (کرومر، ١٩٦٠، ٤٢). رایگشتیی لە میسر بۆ سەرکردایەتییکردنی سوپا لەسەر زوبێر پاشا بوو، ئەویش هێزی لە چەکدارەکانی میسر و جەندرمە و پۆلیس و پاشماوەکانی سوپای عەرابیی کۆکردەوە، لێرەدا ئینگلیز مەبەستی بوو کۆتایی بە پاشماوەکانی هێزەکانی عەرابیش بهێنێت، بەڵام کۆمەڵەی بەرگرییکردن لە کۆیلە دژی سەرکردایەتییکردنی زوبیر پاشا بوون، چونکە تۆمەتی بازرگانییکردن بە کۆیلەی لەسەر بوو، لەبەر ئەوە ئەرکی جێگری سوپا بە زوبێر پاشا درا، بەڵام ئەو رەتیکردەوە، بۆیە سەرکردەی ئینگلیزی فالنتین بیکر وەك سەرکردەی سوپا دیاریکرا، ئەویش ئەو ئەفسەرە راهێنراوانەی ئینگلیز و میسریی کۆکردەوە، کە لە باشترین کۆلێژە سەربازییەکان دەرچوو بوون، لەوانە کۆڵۆنێل سرتوریوس سەرۆکی ئەرکانی جەنگی بەرتیانیا و عەبدول رزاق بەگ سەرۆکی ئەرکانی جەنگی میسری تێدابوون، لە پێناوی گەڕانەوەی ئاسایش و ئاشتی بۆ ناوچەکە فالنتین بیکر دەسەڵاتی مەدەنیی و سەربازیی تەواوی رۆژهەڵاتی سوودانیی پێدرا بوو، بەڵام ویستییان لە سەرەتادا رێگای ئاشتی بەکاربهێنێت، ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو پاشان پەنا بۆ هێزی سەربازیی ببات (ابراهیم والجمل، ١٩٩٧، ٣٢٤).

جەنەڕال بیکەر لە (٢٩)ی یەنایەری ساڵی (١٨٨٤ز) نزیکەی (٣٦٠٠) سەربازی کۆکردەوە، لەوانە (٣٠٠) ئەسپسواری میسریی و (١٥٠)ی تورك و (٦٥٠) جەندرمە لە ئەسکەندەریە و (٥٠٠) جەندرمە لە قاهیرە و (٤٥٠) سەرباز لە ناوچەی مەسوع(مصوع)ی حەبەشە و (٤٢١) سەرباز لە سەنهیت(سنهیت) لە حەبەشە و (٦٧٨) سەربازیی پیادەی تورك -کە هی زوبێر پاشا بوون- لەگەڵ (١٢٨) تۆپچی میسریی و (٤٠) پۆلیسی خۆبەخشی ئەوروپی و (٦) تۆپی گەورەشیان لەگەڵ بوون، کە کۆی گشتیی هەموو هێزەکان (٣٦٥٦) سەرباز بوون (شقیر، ٢٠١٧، ٣٥٤-٣٥٥).

لە بەرە بەیانی رێکەوتی (٤)ی فبرایری ساڵی (١٨٨٣ز) هێزی سەربازیی بیکەر بەئاراستەی ناوچەی بیرەکانی ئەلتەیب (أبار التیب) جوڵا، بە مەبەستی ئاگاداربوون لە هێزی بەرامبەر و جوڵەکانیان کۆمەڵێ سەربازیی پێش هێزەکەی خست، لە نزیك ناوچەی بیرەکانی ئەلتەیب هێزەکانی دقنەیان بینی، کە بەشێوەی هێزی جیاواز جیاواز بڵاوەیانکرد بوو، هەر هێزە و ئاڵایەکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، لەبەر ئەوە وایانزانی چەند هێزێکی جیاوازن بە ژمارەیەکی زۆر هاتە بەرچاویان، بۆ دەرخستنی ژمارەی درووستی هێزەکانی دقنە چەند فیشەکێکیان بە ئاراستەی ئەواندا تەقاند، بەڵام یەکسەر هێزەکانی دقنە لە وەڵامی ئەمەدا هێرشیانکرد و هێزەکانی بیکەر ئامادەسازیی تەواویان نەکرد بوو بۆ هێرش، بەڵکو مەبەستیان دەرخستنی توانا و ژمارەی سەربازیی و لۆجستی هێزەکانی دقنە بوو، بەڵام دقنە ئەمەی بە هەلزانی و یەکسەر دەستیکرد بە هێرشی پێچەوانە و هێزەکانی بەرامبەری شپرزە کرد و ترسێکی زۆری خستە دڵیانەوە، بیکەر فەرمانی کرد بە زوویی چوارگۆشەی سەربازیی بە ئاراستەی گەمارۆدانی هێزەکانی دقنە درووست بکەن، بەڵام بە هۆی شێواوی و بڵاوبونەوەی ترسێکی زۆر لەناو سەربازاندا، پلانە سەربازییەکە وەك خۆی جێبەجێنەکرا و بە زوویی هێزەکانی دقنە کەوتنە ناویانەوە و دەستیانکرد بە هێرش کردن، ئەمە ئەوەندەی دیکە ترس و دڵەڕاوکێی لەناو هێزەکەی بیکەردا زیادکرد و لە ساتەکانی سەرەتای شەڕەکەدا ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراو هەندێکیشیان کەوتنە سەر ئەژنۆ و دەستیان بەرزکردەوە و چەکەکانیان فڕێدا، هێزەکانی دقنەش بە راست و چەپ تێیان

کەوتن و لە تەواوی هێزەکەی بیکەردا تەنها (١٢٠٠) سەرباز توانیان بەرەو بەندەری تەرەنکیتان(ترنکیتات) لەسەر دەریای سورو نزیك شاری سەواکن رابکەن، لە ناو کوژراوەکانی هێزەکەی بیکەردا (١١٢) ئەفسەر هەبوون، کە یەکێکیان (عەبدول رەزاق بەگ) و (١٠) ئەفسەری ئەوروپیی بوون، لە بەرامبەردا هێزەکانی دقنە (٣٠٠) کوژراویان هەبوو، لە ناویاندا (مەحمود) برای فەرماندە (خضر) بوو، لەم شەڕەدا هێزەکانی دقنە (٦) تۆپ و (٣٠٠٠) تفەنگ و نیو ملیۆن فیشەکیان دەستکەوت و بەشێکی هێزەکە بە پەلە بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی دقنە لە ناوچەی تۆکەر گەڕایەوە (ضرار، ١٩٦٥، ٦٨-٦٩).

ئەم تێکشکانەی بیکەر لە وولاتانی ئەوروپا و بە تایبەت بەریتانیا کاردانەوەی گەورەی درووستکرد، شکستکەیان خستە پاڵ بیکەر، وەکو چۆن جلاتستۆن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە ئەنجومەنی گشتییدا ووتی: «ئەم شەڕە بە سەرۆکایەتیی بیکەر پێداویستییەکی ئەو سەردەمە نەبوو، لەبەر خۆشباوەڕیی و زۆری ئومێدی بە سەرکەوتن، ئامادەکارییە سەربازییەکانی وەك پێویست نەکرد بوو، پێی وابوو ئەو کەلوپەلە سەربازییەی لەبەردەستیدا بوو سەرکەوتنی مسۆگەر ئەکات» (ضرار، ١٩٦٥، ٧٠).

لە دوای سەرکەوتنی هێزەکانی دقنە بەسەر هێزەکەی بیکەردا، هێزەکە ئەمجارەیان خۆیان و دەستکەوتە سەربازەکانیان رووبانکردە شاری تۆکەر بەئامانجی توندکردنی گەمارۆی سەر هێزەکانی بەرامبەریان و بەکارهێنانەوەی ئەو چەکانەی دەستیان کەوتبوو لە دژی دوژمنەکانیان، لە ئەنجامی هێرشی دقنە بۆ سەریان لە ماوەیەکی کەمدا تەواوی هێزەکە بە بێ شەڕکردن خۆیان بە دەستەوە دا (ابوسلیم، ١٩٩٢، ٦٢)

گرتنی شاری سنکات (ئۆکاك)

سەرکەوتنە یەك لە دوایەکەکانی دقنە ترسێکی زۆری لای هێزەکانی تورکیی-میسریی لە تەواوی رۆژهەڵاتی سوودان درووستکردبوو، لەبەرئەوە هێزەکانی تۆفیق بەگ لە ناوچەی سنکات بۆ شەڕی چاوەڕوانکراوو ئامادەکاریی کرد و چوار قولە (بورج)ی درووستکرد، کە لە هەر یەکێکیان تۆپێکی دانا، بە چواردەوری شارەکەدا چاڵی هەڵکەند و لەسەر لێواری چاڵەکانیش پەرژینی بە چیلکەودار درووستکرد، دوا بە دوای گەیشتنی هێزەکانی دقنە بۆ سەر شاری سنکات و چەندین هێرشی یەك لەدوای یەك و توندکردنی گەمارۆی سەر شارەکە و رێگرییکردن لە گەیشتنی هەر جۆرێك لە خۆراك، هێزەکانی تۆفیق بەگ ناچاربوون بەرەو شاری سەواکن بکشێنەوە. لەبەر ئەوە کۆگاکانی باروت و جبەخانەکانیان سوتاند و کونی لولەی تۆپەکانیان بە مس ئاخنی، دواتر خۆی و (٦٠٠) کەس لە پیاو و ژن و منداڵ لە شارەکە هاتنەدەرەوە، بەڵام لەگەڵ دورکەوتنەوەیان لە شارەکە بە نزیکەی (٢) میل بەسەر کەمینەکانی دقنەدا کەوتن و چواردەوریان گیرا، بەڵام هێزەکانی تۆفیق بەگ بازنەیەکی سەربازییان بە دەوری ژن و منداڵەکان لە پێناو پاراستنیان درووستکرد، پاش رووبەروبوونەوە لەگەڵیان (٥٧) سەرباز لە هێزەکانی تۆفیق بەگ کوژران و تەنها (٥) پیاو لە گەمارۆکە رزگارییان بوو، کە یەکێك لەوانە قازی شاری سنکات بوو، هەروەها (٣٠) ژن رزگاریان بوو، ئەوەی مایەوە بە دیل گیران (شقیر، ٢٠١٧، ٣٥٦). بۆ رێزگرتن لە گیانی قوربانیەکانیان لەم شەڕەدا لە کاتی سەردانیکردنی مەلیك جۆرجی پێنجەمی مەلیکی بەریتانیا لە ساڵی (١٩١٢ز) و لە شوێنی شەڕەکەدا چەند دارێکی چاند بۆ ئەوەی لە بیرەوەریی ئەواندا بە نەمریی بمێنێتەوە (ضرار، بدون سنة الطبع،٧٢).

عوسمان دقنە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا هەموو بنکە سەربازییەکانی هێزەکانی تورکیی-میسریی

لە رۆژهەڵاتی سوودان گرت، جگە لەوەی شاری سنکات و تۆکەریشی رزگارکرد و هەژمونی داگیرکاریی ئەوروپیی لەناو شاری سەواکندا گەمارۆدا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تەواوی هێزەکانی بێگانە لە سنووری خاکی سوودان دا بچڕاند، هەریەکە لە حکومەتی بەریتانیی و میسریی توانای هیچ پرۆسەیەکی سەربازیی تازەیان لە دژی دقنە نەبوو، بەڵام بەریتانیا لە گرنگی شوێنی جوگرافیی شاری سەواکن و رۆژهەڵاتی سوودان باش تێگەیشتبوو، نەیئەویست پەیوندیی هێزەکانی بەریتانیا لە ناوەڕاست و رۆژئاوای سوودان بەدەریای سوور بپچڕێت، لەبەر ئەوە تاك لایەنە پرۆسەیەکی تازەی سەربازیی بۆ تێکشکاندنی دقنە و کردنەوەی رێگای رۆژهەڵاتی سوودان بە ناوەڕاست و رۆژئاوای سوودان دەستپێکرد (ضرار، بدون سنة الطبع،٧٣)، دوای دورخستنەوەی بیکەر لە فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لە سەواکن، جەنەڕاڵ گراهامیان دانرا و لەگەڵ خۆیدا (٤٠٠٠) سەرباز و (١٠٠) تۆپچی و (٦)تۆپی گەورەشیان لەگەڵ نارد، هەروەها کۆمەڵێك ئەفسەری سەربازیی خاوەن ئەزموونیان لەگەڵدا بوو، لە کۆتایی مانگی فبرایری ساڵی (١٨٨٤ز) گەیشتنە سەواکن و هێزەکانی دابەشکرد و هەندێکی بۆ پارێزگاری لە سەواکن بەجێهێشت و هەندێکی تریشی لە دەورووبەری بەندەری ترینکتات بڵاوکردەوە، هەندێك سیخوڕی بۆ دەورووبەری شاری تۆکەر نارد، سیخوڕەکان بە پەلە گەڕانەوە و هەواڵی کەوتنی تۆکەریان بە جەنەڕاڵ گراهام گەیاند، جەنەڕاڵ گراهام ئامادەسازیی بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی دقنە لە رۆژئاوای شاری سەواکن کرد، لەو لاشەوە عوسمان دقنە خەریکی خۆکۆکردنەوە بوو بۆ رێگەگرتن لە هێزەکانی گراهام و هێزێکی تایبەتی پێکهێنا کە ژمارەی چەکدارەکانی نزیکەی (٦٠٠٠) چەکدار بوون، لە لایەن مەدەنی عەلی برازایەوە سەرکردایەتیی ئەکرا، قولەی سەربازییان لە دەورووبەری ناوچەی ئەلتەیب درووستکرد و لەسەر هەر یەکێکیان تۆپێکیان دانا، جەنەڕاڵ گراهام خۆی و هێزەکەی بەرەو ناوچەی ئەلتەیب جوڵان و هێزەکەی لەسەر شێوازی چوارگۆشەیی رێکخست و هێرشیان کردە سەر هێزەکانی دقنە، شەڕەکە تازەترین چەکی بەریتانیی و بۆمبی تێدا بەکار هات و ماوەی سێ کاتژمێری خایاند و بەسەر هێزەکانی دەقنەدا سەرکەوت، عەبدوڵا حامد ئەمیری کەناراوەکانی دەریای سوور و مەدەنی عەلی برازای دەقنە و عومەر تاهیر مەجزوب و موسی قەیلای و نزیکەی (٢٠٠٠) سەرباز لە لایەنگرانی دقنە کوژران. لەم شەڕەدا جەنەڕاڵ گراهام توانی (٧) تۆپ و ژمارەیەکی زۆر چەك و تەقەمەنی بگرێت، لە بەرامبەردا هێزەکانی بەریتانیا (٣٤) کوژراو و (١٥٥) برینداریان هەبوو (شقیر، ٢٠١٧، ٣٥٧).

## شەڕی تامای

گراهام لە دوای سەرکەوتنی لە شەڕی ئەلتەیبدا، پێیوابوو وانەیەکی باشبووە بۆ خۆبەدەستەوەدانی هێزەکانی دقنە و پاشگەزبوونەوەی سەرۆك هۆزەکانی رۆژهەڵاتی سوودان لە پشتگیرییکردنی دقنە، بۆیە نامەی هەڕەشە ئامێزی بۆ عوسمان دقنە و زۆربەی سەرۆك هۆزەکان نارد و داوای چەکدانان و خۆبەدەستەوەدانی لێکردن، بەڵام هەموویان رەتیانکردەوە، لە (١٢)ی ئازاری (١٨٨٤ز) گراهام بڕیاریدا هێرش بکاتە سەریان، لە پێش دەسپێکردنی شەڕی تامای، هێزەکانی بەریتانیا بە دوای سەرچاوەکانی ئاوی سازگار بۆ سوپاکەیان گەڕان، تیمی ئەندازیارانی شەڕەکە دوو (قوتیە) یان لە نزیک تامای دۆزییەوە، کە یەکێکیان جەنڕاڵ گراهام پێشتر دورستیکردبوو (Porter, ١٨٨٩, ٧٢).

لە نزیك بیرەكانی تامای بە هێزەكانی دقنە گەیشت و شەوی بە سەردا هات، عوسمان دقنە ئەمەی بە هەلزانی و هەمان شەو هێزێكی ناردە سەریان و پشووی لێ تێكدان، بۆ بەیانیەكەی ١٣ی ئازار گراهام هێزەكەی بۆ دوو چوارگۆشە دابەشكرد، كە ژمارەیان لە سەرووی (٢٠.٠٠٠) سەرباز بوون (ضرار، بدون سنة الطبع،٧٧)، بەرەو هێزەكانی دقنە جوڵەی پێكردن (شقير، ٢٠١٧، ٣٥٨)، هێزەكانی دقنە (١٢.٠٠٠) چەكدار بوون، كە بۆ دوو لەشكری جیاواز بە مەبەستی تێكشكاندنی هەردوو چوارگۆشە سەربازییەكەی گراهام دابەشیكردن، لەشكری یەكەمی دقنە توانی چوارگۆشەی سەربازیی هێزەكانی گراهام تێك بشكێنێت، بەڵام لەشكری دووەم سەركەوتوو نەبوو، كەمی خۆراك و لە دەستدانی سەرچاوەكانی ئاوی سازگار و هێرشی هێزەكانی عوسمان دقنە لە دوو لاوە هێزەكانی بەریتانیای ناچاركرد لە ڕێكەوتی (٢٥)ی ئازار پاشەكشێ بكەن (E.Gambier Parry, ١٨٨٦, ٢٢٢-٢٢٣)، لە شەڕی تامایدا (٢٥٠٠) چەكداری عوسمان دقنە كوژران و گراهام ناوچەكە و ماڵەكانی سوتاند (Wallis, ١٩١١, ٧٢٥) لەم شەڕەدا هێزەكانی بەریتانیا (٨٠٠٠) سەربازییان لێ كوژرا، ئەوەی مابوونەوە گەڕانەوە بۆ سەواكن (ابو سليم، ٢٠٠٢، ٧٢) و ژمارەیەك لە چەكدارانی دقنە لە سەر بەرزایەكانی دەوروبەری تامای جێگیر بوون، چونكە ناوچەكە بۆ بەرگرییكردن و خۆپاراستن لە هێرشی دوژمنەكەیان گونجاو بوو، ( E.Gambier Parry, ١٨٨٦, ٢٤٠)، لەدوای ئەوە جەنەڕاڵ هوت بڕیارێكی دەركرد كە هەر كەسێك سەری عوسمان دقنەی بە مردوویی یان زیندوویی بۆ بهێنێت بە بڕی(٥٠٠٠) ریال پاداشتی ئەكات، بەڵام دوای سێ ڕۆژ لە بەریتانیاوە فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە دەرچوو، چونكە لەگەڵ بنەمای پارتی ئازادیخوازیی بەریتانیی نەئەگونجا(شقير، ٢٠١٧، ٣٥٩)، پاشان دقنە شاری سەواكنی گەمارۆدا و سەرجەم ئاوەی سازگاری ناوچەكەی خستە ژێر دەستی خۆی، بۆیە بەریتانیا بە ناچاریی ژمارەی كەشتییە سەربازییەكانی بۆ یارمەتیدانی هێزەكانی خۆی بۆ خواردن و ئاو كە تەنها ڕێگەی ئاویی لەبەردەمدا مابوو.

لە (١٢)ی ئازاری (١٨٨٥ز) جەنەڕاڵ گراهام جارێكی تر بۆ سەواكن گەڕایەوە و هێزەكانی بە شێوەیەكی چڕ بە دەوروبەری سەواكن بڵاوكردەوە. عوسمان دقنە ئەمجارەیان هونەری شەڕەكەی گۆڕیی، شەوانە نیشانەی لە هێزەكانی گراهام ئەگرت و ئەیكوشتن، ئەمە گراهامی تەواو بێزاركرد بوو، بۆیە هێزێكی (٢٠٠٠) كەسی ئامادەكرد، نوێترین چەكی پێشكەوتووی بەریتانیایان پێدرابوو، هەروەها چەند شارەزایەكی فڕۆكەوانی باڵۆنیان لەگەڵدا بوون، بەڵام بە هۆی توندی و زۆری با لەو ناوچەیە پلانەكە بۆ بەكارهێنانی باڵۆن سەركەوتوو نەبوو، ئامانجی گراهام بە سەركەوتنی موحەمەد ئەحمەد مەهدیی لە ناوچەكانی خەرتووم و دەوروبەری و ئازادكردنی شارەكە شكستی هێنا، هاوكات خۆشەویستی و هیوای سوودانییەكان بۆ ڕزگاربوونی یەكجاریی لە دەستی هێزەكانی بێگانە زیادیكرد (ضرار، بدون سنة الطبع، ٨٣)

لە ساڵی( ١٨٨٥ز) موحەمەد ئەحمەد مەهدیی بە شێوەیەكی لەناكاو توشی نەخۆشیی لەرز و تا و سووربوونەوەی پێست بوو و كۆچی دوایی كرد، لە هەمان ساڵدا عەبدوڵا تەعایوشی شوێنی گرتەوە، دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەكانی جووڵانەوەی مەهدیی چەسپاند، چونكە لە سەردەمی دەسەڵاتی مەهدیی دەسەڵات لامەركەزیی بوو، بە تایبەت لە ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی سوودان عوسمان دقنە زۆربەی كارەكانی بە ڕاوێژ لەگەڵ كەسایەتییەكانی دەوروبەری جێبەجێ ئەكرد، تەنها بۆ كارە گرنگەكان بۆ خەلیفە ئەگەڕایەوە (ف. توماس، ١٩٩٤، ١٢).

لە (٢٢)ی ئازاری ساڵی (١٨٨٥ز) گراهام هێرشێکی سەربازیی گەورەی کردە سەر هێزەکانی دقنە لە ناوچەکانی تامای، بەڵام دوورکەوتنەوەی تەنها (٨) میل لە شاری سەواکنەوە توشی گرفتێکی گەورەی جوگرافیی بوویەوە، چونکە تایبەتمەندیی ناوچەکە چیای بەرز و دارستانی چڕ داپۆشرا بوو، لەبەر ئەوە لە ترسی کەمینی هێزەکانی دقنە نەیتوانی ناوچەکە تێپەڕێنێت، دیسانەوە هێزەکانی دقنە هەڵکەوتەی جوگرافییەکەی هاوکاریان بوو بۆ هێرش کردنە سەر هێزەکانی گراهام و نزیکەی (٨٠٠) سەربازییان لێ کوژرا لە بەرامبەردا هێزەکانی دقنە ژمارەیەکی کەمیان لێ کوژرا (ضرار، بدون سنة الطبع، ٨٥-٨٦)، سەبارەت بە ژمارەی کوژراوانی هێزەکانی دقنە، ئەو سەرچاوانەی لە بەردەست توێژەر بوون ئاماژەیان بە هیچ ژمارەیەك نەکرد بوو.

بە درێژایی ساڵەکانی (١٨٨٦ بۆ ١٨٨٩ز) ئەم بارودۆخە لە شەڕ و پێکدادان لە لایەن هێزەکانی بەریتانیا و هێزەکانی دقنە لە رۆژهەڵاتی سوودان بەردەوام بوو، بەڵام گۆڕانکارییەکی دیار لە نەخشەی سیاسیی هێز و ناوچەکە روونەدا(ضرار، بدون سنة الطبع، ٨٧-٩٤).

لە ساڵی (١٨٨٩ز) بەریتانیا و میسر لەو شەڕە بەردەوامانە بێزار ببوون، لەبەر ئەوە سەرکردەی هێزەکانی بەریتانیا لە سەواکن بە کۆنێل (هۆڵد سمیث) گۆڕدرا، لە ٢٧ی یەنایەری (١٨٨٩ز) هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر هێزەکانی دقنە لە هندوب و بەسەریاندا سەرکەوتن، هەروەها لە (٢٩)ی فبرایری (١٨٨٩ز) هێرشی کردە سەر هێزەکانی دقنە لە ناوچەی تامای و داگیری کرد، کە تەنها پەنجا سەربازی هێزەکانی دقنەی لێ بوو، جەنەڕاڵ (سمیث) دڵنیا بوو لەوەی بە بێ دەستگرتن بە سەر شاری تۆکەر ناتوانێت هێزەکانی بە ئارامی لە ناوچەکانی تمای بمێننەوە، بۆیە بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی دقنە لە تۆکەر ئامادەسازیی کرد (شبیکة، ١٩٩١، ص٤٢٢-٤٢٣)، عوسمان دقنە لەو کاتەدا لەگەڵ هۆزی حەباب( الحباب) کە پێشتر بەشێك بوون لە هێزەکانی ئەو و هەڵگەڕابوونەوە، سەرقاڵی شەڕکردن بوو، بەریتانییەکان ئەم بارودۆخەیان بە هەلزانی و هێرشیان کردە سەر تۆکەر کە تەنها (١٠٠) چەکداری هێزەکانی دقنەی لێمابوون و شارەکە گیرا (شقیر، ٢٠١٧، ٦٧٧).

لەدوای داگیرکردنی تۆکەر لە لایەن بەریتانیاوە خەلیفە عەبدوڵڵا تەعایوشی فەرمانی بە هێزەکانی دقنە کرد هێزەکانیان بۆ ناوچەکانی ئیداراما بگوازنەوە و خۆیان لە رووبەڕووبونەوەی مەیدانیی لەگەڵ هێزەکانی بەریتانیا بە دووربگرن، چونکە پێیوابوو بەریتانیا تەواوی قورسایی هێزەکانی لە رۆژهەڵاتی سوودان چڕکردۆتەوە و بە بەکارهێنانی تەکنیکی شەڕی پارتیزانیی لە دژی هێزەکانی بەریتانیا ئامۆژگارییکردن (ضرار، بدون سنة الطبع، ١٢١)، ئەم هەنگاوەی خەلیفە جێگەی سەرنجی عوسمان دقنە بوو، لەبەر ئەوە بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە هەڵوێستی خەلیفە سەردانی خەلیفەی لە شاری ئوم دەرمان کرد (Wallis, ١٩١١, ٢٥٩).

لە ساڵی (١٨٩٥ز) بەدواوە بەریتانیا لە ناوچەکانی باکووری سوودان و شاری وادی حەلفاوە بەرەو شاری دوونقوڵا بە ئاراستەی خەرتووم هێرشی کرد و شارەکانی باکووری سوودانیی داگیرکرد و ترسی لەدەستدانی خەرتووم لە لایەن خەلیفەوە زیادیکرد، بۆیە داوای لە عوسمان دقنە کرد ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سوودان جێبهێڵێت و لە باکوری خەرتووم لە ناوچەی تاڤگەکانی سەبەلوقە جێگیر بێت، کە لە هێزەکانی تری بزوتنەوەی مەهدیی بە سەرکردایەتیی مەحمود وەد ئەحمەد نزیك بوون، سەبارەت بەچۆنیەتی شەڕکردن

لەگەڵ هێزەکانی بەریتانیا بۆ چوونی جیاواز لە نێوان دقنە و مەحمود درووستبوو، بەڵام خەلیفە پلانەکەی دقنەی پەسندکرد (ضرار، بدون سنة الطبع، ١٢٢-١٢٣)، هەتا کۆتایی ساڵی (١٨٩٨ز) بەریتانیا تەواوی ناوچەکانی عەتبەرە و خەرتووم و ئوم دەرمانی داگیرکرد و دەسەڵاتی بزوتنەوەی مەهدیی لە سوودان کۆتایی هێنا (شقیر، ٢٠١٧، ٧٦٦).

لە دوای تێکشکانی هێزی مەهدیی لە ئوم دەرمان عوسمان دقنە روویکردە ناوچە شاخاوییەکانی رۆژهەڵاتی سوودان و دەریای سوور و لە ساڵی ١٩٠٠ز دەستگیرکرا و بۆ بەندیخانەی رەشید لە میسر گواسترایەوە، لە ساڵی ١٩٠٨ز بە هۆی تێکچوونی باری تەندرووستیی بۆ بەندیخانەی وادی حەلفا گواسترایەوە، لەوێدا خۆی بە خوێندنەوەی کتێبە شەرعیەکان و دەورکردنەوەی قورئانی پیرۆز سەرقاڵکرد بوو، لە ساڵی ١٩٢٤ز بە مەبەستی بەجێهێنانی فەریزەی حەج داوای رێگەپێدانی کرد و رێگەی پێدرا، دوای گەڕانەوەی لە سەفەرەکەی بە ساڵێک و لە ساڵی ١٩٢٥ز لە بەندیخانەی وادی حەلفادا کۆچی دوایی کرد (هل، ١٩٥٩، ٢٦٧-٢٦٨)، لە ساڵی ١٩٦٤ز لەدوای درووستکردنی (سدعالی) و ژێر ئاو کەوتنی شاری (وادی حەلفا) گۆڕەکەی دەرهێنرایەوە و بۆ شوێنی باووباپیرانی لە ئەرکەویت گواسترایەوە (ضرار، بدون سنة الطبع، ١٢٨).

سەرکەوتنەکانی عوسمان دقنە لە شەڕە بەردەوامەکانی لە رۆژهەڵاتی سوودان لە دژی بەریتانیا جێگەی سەرنجی ئەوروپا و ناوچەکە بووە، بەشێك لە شاعیران و ئەدیبانی جیهان هۆنراوەی تایبەتییان بۆ ئازایەتیی و خۆڕاگریی عوسمان دقنە هۆنیوەتەوە لەوانە شاعیری بەریتانیی (رودیارد کیپلین). هەروەها موحەمەد تاهیر مەجزوب بوو بەشداریی زۆرینەی شەڕەکانی عوسمان دقنەی لەگەڵ ئینگلیز کردووە و چەندین شیعری تایبەت بەو جەنگانە و کەسایەتیی عوسمان دقنە نووسیوە (الزركلي، ٢٠٠٢، ١٧٣).

عوسمان دقنە لە لایەن ویلس ئەفسەری هەواڵگریی بەریتانیا لە سوودان تۆمەتی شێتی درایە پاڵ، چونکە پێیوابوو بەو توانا سەربازیی و ماددییە سنووردارەی ناتوانێت بەرەنگاریی بەریتانیا بێتەوە و شۆڕش و راپەڕینەکەی لە کارێکی سەرکێشیی و شێتانە ئەچێت (مجموعة مؤلفين، ٢٠١٦)

کورد لە سوودان دا هەموویان لە بەرەی بەرگرییکردن لە دژی داگیرکاریی میسریی بەریتانیی نەبوون، بەڵکو لە ناو دام و دەستگا فەرمییەکانی دەوڵەت و فەرمانڕەوایی میسریی بەریتانیی دا بەشداربوون و بەرپرسیارییەتیان هەبوو، یەکێک لەو بەرپرسانە عەلی بەگ کوردیی بوو کە لە باشووری خەرتووم بەڕێوەبەری شاری فاشودا بوو (حسین، ٢٠١٢، ١٨١). هەروەها لە شاری کەسەلادا یەکێک لە سەرکردەکانی سوپای میسریی- بەریتانیی سەرکردەیەکی کوردیی بوو بە ناوی شێخ عومەر وەد کوردیی، کە سەرکردایەتیی چەند شەڕێکی لە دژی جووڵانەوەی مەهدیی کرد (شقیر، ٢٠١٧، ٣٢٥). لە ناوچەی جەزیرە لە سەرەتای درووستبوونی شەڕ لە نێوان بزوتنەوەی مەهدیی و هێزەکانی تورک، سەرکردەیەکی سەربازیی بە ناوی عەلی رەزا کوردیی سەرکردایەتیی نزیکەی (٢٠٠) سەربازی کرد و لە کاتی گەمارۆی سەر شاری خەرتووم لە لایەن چەکدارانی مەهدیی کەوتە کەمینەوە و بە ئاستەم رزگاریی بوو، لە رێگەی بەلەم و رووباری نیل بەرەو میسر گەڕایەوە (هیل، ١٩٥٩، ٢٧٩-٢٨٠).

## دەرئەنجام:

لە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین بڵێین گەیشتوینەتە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە :

کورد لە سەردەمی بزووتنەوەی مەهدیی ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی بینیوە و ڕۆڵی سەرکردایەتیی کردنی بزوتنەوەکەی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سوودان دا گێڕاوە، بە جۆرێك ئەم بزوتنەوەیە لەپێناو بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجەکانی و کارگێڕییەکەی سەرکەوتوو و تەواوی سوودانی بە سەر دوو ناوچەی جیاوازدا دابەشکرد بوو، ئەوانیش ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سوودان لە لایەك و ناوەڕاست و ڕۆژئاوا لە لایەکی تر و ناوچەی ڕۆژهەڵات کەسایەتییەکی سیاسیی کورد بە ناوی عوسمان دقنە سەرکردایەتیی کردووە.

کورد لە رووی جوگرافیاوە ئەو ناوچانەی هەڵبژاردووە کە لە هەڵکەوتەی جوگرافیی و سروشتی کوردستان ئەچێت و زۆرینەی لە چیا پێکهاتووە، وەکو ناوچە چیاییەکانی شارەکانی (سەواکن) و (تۆکەر) و (سنکات) و (کەسەلا).

عوسمان دقنە و کوردەکانی سوودان هاوشێوەی کوردانی کوردستان بە ئازایەتیی لە شەڕ و بەرگرییکردن ناسراون و باوترین تەکنیکیی سەربازیی کە بەکاریان هێناوە بریتیبووە لە شەڕی پارتیزانیی.

سەردەمی ژیانی عوسمان دقنە و سەرکردایەتییکردنی جووڵانەوەی مەهدیی لە ڕۆژهەڵاتی سوودان دا، لە رووی سیاسیی و سەربازییەوە سەردەمی زێڕینی کوردانی سوودانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە قۆناغەکانی تری مێژووی سوودان دا ڕۆڵی کورد وون نەبووە.

ئەو تەکنیکانەی عوسمان دقنە لە شەڕەکانی دژی عوسمانیی و بەریتانیی بەکاریهێناون لە پەلاماردان بە گروپی بچووکی چەند کەسیی، کە ئامانج لێی زیان گەیاندن بە دوژمن و گەڕانەوە بۆ شوێنی دیاریکراوی خۆیان بووە، زۆر لە تەکنیکی شەڕکردنی دانیشتوانی کۆنی کوردستان و پێشمەرگە ئەچێت.

عوسمان دقنە و هێزەکانی بۆ ماوەی دوو دەیە توانیان پارێزگاریی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سوودان بکەن و هێزەکانی عوسمانیی لەو ناوچەیە دەربکەن و ئەجێندا و خەونی بەریتانییەکان دوابخات.

## Abstract

Kurdish History in Sudan has a long history spanning several historical periods. The earliest dates back to Saladin Ayyubid's time, when his brother Turansha led a military force into Sudan to occupy the kingdom of Alawa, east of Khartoum. The Ottomans, during the reign of Sultan Salimi I, sent some Kurdish leaders and soldiers to conquer eastern Sudan, and they played a significant role in the occupation. During the reign of Mohammed Ali Pasha in Egypt and the conquest of Sudan, the Kurds again participated as military and intelligence personnel. Some of these soldiers and leaders remained in Sudan and became part of the social and political structure of Sudanese society.

This study explores the history of Kurdish presence in Sudan, tracing back to the era of Saladin Ayyubid and the Ottoman Empire. The study examines the political participation of Kurds in Sudan and their roles in contemporary and modern Sudanese history. Using the chronological and

analytical methodology, the study concludes that Kurds played a significant role in the resistance against British occupation in the late ١٩th century, particularly in eastern Sudan regions. Kurdish military leader Osman Dqna led the Mahdi Movement and used guerrilla warfare techniques to defeat British forces, making him the first person in Africa to defeat the British military technique known as the English Square. The study highlights the important contributions of Kurdish families in the revolution against Britain in East Sudan.

**Keywords: The Kurds of Sudan, Othman Daqna, the Mahdi Movement, British-Egyptian, guerrilla warfare**

## الملخص

يعود تاريخ الكردي ودورهم وتأثيرهم في السوودان إلى عدة فترات تاريخية مختلفة، يبدء بعهد صلاح الدين الأيوبي وطرد النوبيين من مصر، الذين دعموا الفاطميين ضد صلاح الدين الايوبي، بعد ذلك أثناء توسع السلطان العثماني سليم الأول من أوروبا إلى آسيا وأفريقيا بشكل عام والسوودان بالاخص، بعض القادة والجنود الذين أرسل السلطان سليم الاول لغزو شرق السوودان كانوا من الكرد وكانوا مشاركين اساسين في احتلال هذه المناطق. لكن في عهد محمد علي باشا في مصر واحتلال السوودان، شاركوا الكرد مرة أخرى في الجوانب العسكرية والاستخباراتية، وبقي بعض هؤلاء الجنود والقادة في السوودان ولم يعدوا الى كردستان ومصر، وأصبحوا جزءًا من البنية الاجتماعية والسياسية للمجتمع السووداني. تبحث هذه الدراسة لجواب اسئلة ما هي دور الكردي في تاريخ السوودان الحديث والمعاصر؟ يعتمد البحث على الأساليب التاريخية والتحليلية. تظهر نتائج هذه الدراسة أن الكرد في أواخر القرن التاسع عشر شاركوا لمحاربة الاحتلال البريطاني خاصة في المناطق الشرق السوودان، كان زعيم سياسي وعسكري كردي يدعى عثمان دقنة يقود حركة المهدي في شرق السوودان، تقنياته العسكرية كان سبب في مضايقة القوات البريطانية لتحقيق اهدافه. عثمان دقنة كان اول قائد العسكري الإفريقي هزم التخطيط العسكرية البريطانية يدعى (المربع الانجليزي).

**كلمات مفتاحية: أكراد السوودان، عثمان دقنة، حركة المهدي، بريطاني-مصري، حرب عصابات.**

## سەرچاوەکان

ب.م.هولت، المهدية فى السوودان، ترجمة: جميل عبيد، دار الفكر العربى، القاهرة، مصر، ١٩٧٨م.

برنامج الامم المتحدة، تقرير السوودان الأول عن حالة البيئة والتوقعات البيئية ٢٠٢٠ البيئة من أجل السلام والتنمية المستدامة، بدون مؤسسة الطبع، بدون مدينة الطبع، بدون دولة الطبع، ٢٠٢٠م.

جردة الشرق الاوسط،، احمد يونس، حريق ضخم يلتهم «ميناء عثمان دقنة» في سواكن السوودانية، العدد (١٥٨٨٦) الجمعة - ٢٧ مايو ٢٠٢٢ مـ.

جمال الدين الافغاني، مجلة العروة الوثقى لا انفصام لها، التنوير، القاهرة، مصر، ٢٠٢١م،.

حسن احمد ابراهيم، تاريخ السوودان الحديث، الطبعة الثانية، دار الطباعة جامعة الخرطوم، الخرطوم،

السـوودان، ١٩٧٩ز.

خيرالدين الزركلي، الاعلام، جزء السادس، دار العلم الملايين، بيروت، لبنان، ٢٠٠٢م.

د.نـوال عبدالعزيـز مهـدى راضـى، ريـاح الشـمال (دراسـة فـى العلاقـات المصريـة- ال سـوودانيية فـى تاريـخ الحديث والمعـاصر، المطبعـة التجاريـة الحديثـة، القاهرة، مـصر، ١٩٨٥م.

داود بركات، السوودان المصرى ومطاعم السياسة البريطانية، هنداوى، القاهرة، مصر، ٢٠١٣م.

روبـرت او. كولينـز، تاريـخ السـوودان الحديـث، ترجمـة: مصطفـى مجـدى الجـمال، المركـز القومـى للترجمـة، القاهـرة، مصر، ٢٠١٠م..

ريتشـارد هـل، معجـم تراجـم الاعـلام السـوودان منـذ اقـدم العصـور حتـى عـام ١٩٤٨م، ترجمـة: سـيف الديـن عبدالحميـد النعيـم، شركـة المطابـع للعملـة المحـدودة، الخرطـوم، السـوودان، ١٩٥٩م.

ضرار صالح ضرار، تاريخ السوودان الحديث، دار الحياة، بيروت، لبنان، ١٩٦٥م.

عبـد الرحيـم بشـير محمـد بشـير، ترجمـة الصفحـات (٦٥ – ٧٠١ )مـن كتـاب: "عمـر البشـير وأطـول حـرب في أفريقيـا" لمؤلفـه: بـول موركرافـت، رسـالة الماجسـتير، كليـة الدارسـات العليـا، جامعـة الخرطـوم، السـوودان، ٢٠١٨م..

عبداللـه عبدالـرزاق ابراهيـم و شـوقى الجمـل، تاريـخ مـصر والسـوودان الحديـث والمعـاصر، دار الثقافـة للنـشر والتوزيـع، القاهـرة، مـصر، ١٩٩٧م..

علـى حامـد، صفحـات مـن تأريـخ الحركـة الوطنيـة ال سـوودانيية، مطبعـة جامعـة الخرطـوم، الخرطـوم، السـوودان، ٢٠٠٠م.

غراهام ف. توماس، السوودان موت حلم، ترجمة: عمران ابو حجلة، دار الفرجانى، طرابلس، ليبيا، ١٩٩٤م..

فطـين احمـد عبـد العليـم فريـد و يـسرى عبدالعليـم، التاريـخ العسـكرى للجيـش المـصرى فى الفـترة مـن الحـرب العالميـة الاولى و حتـى نهايـة الحـرب العالميـة الثانيـة، دار الدفـاع الوطنـى للطبـع والنـشر، القاهـرة، مـصر، ١٩٩٣م..

كـمال الديـن نـور الديـن ابراهيـم، الاثـار السياسـية والاجتماعيـة للاتـراك العثمانيـين في السـوودان (١٨٢٠-١٨٨٥م)، جامعـة ام القـرى، مكـة المكرمـة، مملكـة العربيـة السـعودية، ١٩٩٠م.

لـورد كرومـر، بريطانيـا فـى السـوودان، ترجمـة: عبدالعزيـز احمـد عرابـى، المسـطورات للنـشر والطبـع، الخرطـوم، السـوودان، ١٩٦٠م.

مجلـة القـدس، حسـام الديـن ميرغنـى، سـيرة امـير شرق السـوودان عثـمان دقنـة التـي لم تذكرهـا الكتـب، عـدد (٦١٣١)، سـنة العـشرون الجمعـة ٢٠ شـباط سـنة ١٤٣٠هيجـرى.

مجموعـة مؤلفـين المركـز العـربي للأبحـاث ودراسـة السياسـات، مئـة عـام عـلى الحـرب العالميـة الأولى مقاربـات عربيـة، المجلـد الاول، المركـز العـربي للأبحـاث ودراسـة السياسـات، الظاعـين، القطـر، ٢٠١٦م.

محمد ابراهيم ابو سليم، بحوث فى تاريخ السوودان، دار الجيل، بيروت، لبنان، ١٩٩٢م.

محمـد سـعيد القـدال، الانتـماء والاغـتراب (دراسـات ومقـالات في تاريـخ السـوودان الحديـث)، دار الجيـل، بـيروت، لبنـان، ١٩٩٢م.

محمـد سـليمان صالـح ضرار، آميـر الـشرق عثـمان دقنـة، الـدار ال سـوودانيية للكتـب، الخرطـوم، السـوودان، بـدون سـنة طبـع.

محمد عمر البشير، تاريخ الحركة الوطنية فى السوودان (١٩٠٠-١٩٦٩م)، ترجمة: هنرى رياض واخرون، الدار ال سوودانيية للكتب، الخرطوم، السوودان، ١٩٨٠م.

محمود رمزى حسين، عودة الغائب، دار العلام لطباعة و النشر، الخرطوم، السوودان، ١٩٨٩م.

مكي ابو قرجة، صولة بني عثمان في ملاحم الثورة المهدية، صفصافة للنشر والتوزيع، القاهرة، مصر، ٢٠٠٠م.

مكى شبيكة، السوودان عبر القرون، دار الجيل، بيروت، لبنان، ١٩٩١م، ص٤٢٢-٤٢٣؛ محمد سليمان صالح ضرار، المصدر السابق.

نجدة فتحي الصفوة، هذا اليوم في التاريخ، مجلد الرابع، دار الساقي، بيروت، لبنان، ٢٠١٧م.

نعوم شقير، تأريخ السوودان القديم والحديث وجغرافيته، المرجع السابق.

نعوم شقير، تاريخ السوودان، الطبعة الثانية، اللدار السوودانية للكتب, الخرطوم، السوودان،٢٠١٧ز.

يوسف شريف، السوودان واهل السوودان (اسرار السياسة وخفايا المجتمع)، دار الشروق، القاهرة، مصر، ٢٠٠٤م.

## کتێب بە زمانی ئینگلیزی

E.A. Wallis, Handbook for Egypt and the Sudan, Thos Cook and Son, London, United Kingdom, 1911.

G. P. Makris, Changing Masters: Spirit Possession and Identity Construction Among Slave Descendants and Other Subordinates in the sudan, Northwestern University Press, Chicago, USA, 2000.

H.C. Jackson, Osman Digna, London, British, 1926.

H.C. Jackson, The Fighting Sudanes, Macmillan Co LTD, London, British, 1954.

Major E.Gambier Parry, Suakin 1885 (being a sketch of the campaign of this year), Second Edition, KEGAN PAUL, London, United Kingdom, 1886.

Winston S. Churchill, The River War, Skyhorse Pablishing, New York, American, 2013.

Withworth Porter, History of the Corps of Royal Engineers, Volume 3, Longman, London, United Kingdom, 1889.

## چاوپێکەوتن

چاوپیکەوتن لەگەڵ عبدالرحيم عبدالعزيز علی الكردي، خانەنشین لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٦، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٨،کاتژمێر(٤)ی ئێوارە، ڕۆژی چوارشەممە، خەرتووم، گەڕەکی (حي الثورة، شاری پۆتسوودان).
چاوپێکەوتنی بە کۆمەڵ لەگەڵ (نایل عومەر عەباس قاسم أغا، نزار عومەر عەباس قاسم أغا، نادر عومەر عەباس قاسم أغا)، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٣، کاتژمێر(٢,١٥)ی دوانیوەڕۆ، ڕۆژی هەینی، شاری قەزاروف، گەڕەکی

(دیم النور)، ماڵی نایل عمر عباس قاسم اغا.

چاوێکەوتن لەگەڵ عەزام موحەمەد عوسمان کوردی، خانەنشین، شاری قەزارف، رێکەوتی ٢٠٢١/٩/٣، رۆژی هەینی،حەوش کوردی، کاتژمێر(٩)ی سەرلەبەیانی.

چاوێکەوتن لەگەڵ موستەفا عیسا موحەمەد کوردی، بەڕێوەبری ژمێریاری لە دەستگای دادی سوودان، شاری پۆتسوودان، رێکەوتی ٢٠٢١/٩/٨، رۆژی چوارشەممە،دەستگای دادی سوودانیی، کاتژمێر(١٢,٣٠)ی نیوەڕۆ.

پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ (تەها حەسبی ئەڵلا مەلاسی، دکتۆرا لە پزیشکی دەروونی و نەوەی موحەمەد حەمۆ)، رێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٢٧ز، رۆژی پێنجشەممە، کاتژمێر (٩:٠٠) بۆ (١١:٠٠)ی شەو.